# شوێنێك لە بەهەشت

# شوێنێك له بەهەشت

کۆمەڵە چیرۆك

وەرگێڕانی

حەمە عەباس

هەولێر - ٢٠١١

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

- (شوێنێك له بەهەشت)
- کۆمەڵە چیرۆك
- وەرگێڕانی: حەمە عەباس
- نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر
- بەرگ: وریا بواغی
- ژمارەی سپاردن: (٦٧٧) لە ساڵی ٢٠١١
- نرخ: (١٥٠٠) دینار
- چاپی یەکەم: ٢٠١١
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

زنجیرەی کتێب (٥٨٩)

هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

# ناوەرۆك


**لەبەراییەوە ..... ٧**

شوێنێك لە بەهەشت: پاولۆ كۆیلیۆ ..... ٩

كچە شوان: ویلیام سارۆیان ..... ١٣

**ئەو چیرۆكانەی خاوەنەكانیان دیار نین ..... ١٧**

كاتژمێرێكی تایبەت ..... ١٩

بۆهەموو گۆزە شكاوەكان ..... ٢١

چاوانی باوك ..... ٢٣

توانای وشە ..... ٢٧

لە راستیدا ئێمە چەند هەژارین ..... ٢٩

هەڵۆ ..... ٣١

جوانترین دڵ ..... ٣٣

لەودیوی پەنجەرەدا ..... ٣٥

دارتاش ..... ٣٧

فریشتەی منداڵێك ..... ٣٩

دۆندرمە ..... ٤١

سەنتێكم دۆزیەوە ..... ٤٣

بزمارەكانی سەر دیوار ..... ٤٥

بابەتە بنەڕەتییەكە فەرامۆش مەكە ..... ٤٧

دوو فریشتە ..... ٤٩

چاویلكە: قودسی قازی نوور ..... ٥١

دواین وانە: ئالفۆنس دودێ ..... ٥٣

چاوە ڕەشەكانی كۆتر: نوشین غەریب دوست ..... ٥٥

بێگانە: فرانسیس ئەستیگمۆلەر ..... ٥٩

**پێنج كورتە چیرۆك ..... ٦٥**

وێستگەی پاس: ئاندرۆ ئی هانت ..... ٦٥

گیتار: جۆن ئێم دانیاڵ ..... ٦٧

بەدبەختی: ئالان ئی مایەر ..... ٦٩

چاودێر: ستیڤن ماكلیۆد ..... ٧١

چارەنووس: جەی ریپ ..... ٧٣

رۆشنایی وەك ئاوە: گابریل گارسیا ماركیز ..... ٧٥

فیل: ئەلیكساندەر كۆپرین ..... ٨١

گفتوگۆ: میهرداد حجەتی ..... ٩٧

هاوڕێ بچكۆلەكەی سەرۆك: جەمشید سەداقەت نەژاد ..... ١٠١

نیگاركێش وكەروێشكە سپییەكان: جانێت یو لیڤیۆ مارزۆ ..... ١٠٩

# له بەرابیەوە

ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بە پەرش و بلاّوی کاری هەڵبژاردن و وەرگێڕانیان بۆ کراوەو بەشێکن لەو چیرۆکانەی کە لەکاتی خوێندنەوەیاندا چێژێکی زۆریان داومەتێ، هەموو ئەو چیرۆکانەش کە چێژم پێدەبەخشن حەز بە وەرگێڕانیان دەکەم، بەلاّم دەرفەت و تەنانەت دەسەلاّتشکانیشم بەسەر کاری وەرگێڕانیان، هەندێکیان وەپێش دەخەن و هەندێکیشیان لە نۆرەدا دەهێڵنەوە.

بەلای منەوە وەرگێڕان هونەرەو هونەرێکی بالاّشە، هەندێ لەو وەرگێڕە هونەرمەندو دەستڕەنگینانەی کە کاری جوانی وەرگێڕانیان خستۆتە کتێبخانەی کوردییەوە کارەکانیان لە لایەن خوێنەرەوە بە جۆرێك پێشوازیکراوە کە هەمیشە ناویان لە یادەوەریی خوێنەردا هاوشوێنی ناوی نووسەرەکانیان بووە، لە دنیاشدا دەقی وەرگێڕدراو هەبووە کە لە دەقە ئەسلییەکە جوانتر کەوتۆتەوە تەنانەت بە دانپیانانی خودی نووسەرەکانیش، هەموو وەرگێڕانێکی جوانیش لەلایەن ئەو کەسانەوە کراوە کە بە پلەی یەکەم زمانەکەی خۆیان پاراوو دەوڵەمەندە.

بەهەر حاڵ من کە ئەم کۆمەڵە چیرۆکە وەك کتێبۆکەیەك دەخەمە کتێبخانەی کوردییەوە هیواخوازم کارێکی ئەوتۆم نەکردبێ، زیانم بە هونەرو سومعەی ئەدەبیی ئەم چیرۆکنووسانە گەیاندبێ کە چیرۆکەکانیانم وەرگێڕاوە، هاوکات پێمخۆشە ئەم هەوڵەی منیش ببێتە بەشێکی بچووك لەم هەڵمەتە فراوانەی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی شیرینی کوردی کە ئەمڕۆ لەئارادایەو بێ شك گەیاندنی کەلتووری بیانی لەڕێی وەرگێڕانەوە، ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیمان دەوڵەمەندترو کراوەتردەکات.

## شوێنێك لە بەهەشت

### پاولۆ کۆیلیۆ

چەند ساڵێك بەر لە ئێستا، لە باکووری ڕۆژهەڵاتی بەرازیل ژن و مێردێکی هەژار دەژیان، سەروەت و سامانیان تەنها مریشکێك بوو، ڕۆژانە دوو هێلکەی دەکردو ژن و مێردەکە بەم دوو هێلکەیە دەژیان.

لە بەدکرداری ڕۆژگاردا، شەوی کریسمس مریشکەکە مرد، پیاوەکە چەند سەنتاوێك زیاتری نەبوو ئەوەش بەشی کڕینی خواردنی ئێوارەی ئەو شەوەی نەدەکرد، بەدوای کەشیشی دێهاتەکاندا ڕۆیشت تا داوای یارمەتیی لێبکات.

بەڵام پیرەمێردی کەشیش لەباتی یارمەتی تەنها گوتی: (خودا ئەگەر بەحیکمەت دەرگایەك دابخات، بە ڕەحمەت دەرگایەکی دیکە دەکاتەوە، ئێستا کە پارەکەت بە کەلکی هیچ نایەت، بڕۆ بۆ بازاڕو یەکەمین شت کە نیشانیاندای بیکڕە، من بەرەکەت دەخەمە ئەو شتەی کەکڕیوتە، شەوی کریسمس شەوەی موعجیزانە، ڕەنگە شتێك بۆ هەمیشە ژیانت بگۆڕێت)

پیاوەکە هەرچەندە دڵنیا نەبوو لەوەی ئەمە باشترین ڕێگاچارە بێت، چووە بازاڕ، بازرگانێك پیاوەکەیی بینی بێهوودە هەنگاوی دەنا، لێی پرسی:

__ چیت دەوێ؟

_نازانم، پارەکەم زۆر کەمە، کەشیش گوتی یەکەمین شت کە نیشانیاندام بیکڕم.

بازرگانەکە زۆر دەوڵەمەند بوو بەڵام بۆ پەیداکردنی پارە هیچ دەرفەتێکی لەدەست نەدەدا، پارەکانی لە پیاوە هەژارەکە وەرگرت، دواتر کاغەزێکی هەڵگرت و شتێکی تیا نووسی و دایە دەست پیاوەکە:



- کەشیش ڕاست دەکات، من مرۆڤێکی زۆر چاکم، بەو پارەیەی کە تۆ بەمنت داوە، لەم ڕۆژی جەژنەدا، جێگاکەی خۆم لە بەهەشت بەتۆ دەفرۆشم، ئەمەش سەنەدەکەی!

پیاوەکە کاغەزەکەی وەرگرت و دوورکەوتەوە، پیاوە بازرگانەکەش لەخۆشیی ئەو مامەڵە پڕ لە قازانجەی نەیدەزانی چی بکات، شەویش لە ماڵە خۆشەکەی خۆیانداو لەکاتی نانخواردن بەسەرهاتەکەی بۆ ژنەکەی گێڕایەوەو وای نیشاندا کە بەهۆی زیرەکیی ئەو بووە کە ئەوەندە دەوڵەمەند بوونە.

ژنەکە گوتی:

- عەیبە! ئەم ڕەفتارە لە ڕۆژی لە دایکبوونی مەسیحدا! بڕۆ بۆ ماڵی ئەو پیاوەو کاغەزەکە بهێنەوە ! ئەگینا شەو هیچ شەوچەرەیەکت نابێ!

بازرگان لەترسی ژنەکەی بڕیاریدا گوێڕایەڵیی بکات، دوای گەڕان و پرسیارێکی زۆر، ماڵی پیاوە هەژارەکەی دۆزیەوەو کەچووە ژوورەوە، ژن و مێردە هەژارەکەی بینی لەپشت مێزێکی خاڵییەوە دانیشتوون و کاغەزەکەیان لەبەردەمی خۆیان داناوە.

بازرگان گوتی (هاتووم ڕەفتارە نادروستەکەی خۆم ڕاست بکەمەوە، ئەمەش پارەکەت، جا ئەو کاغەزەم بدەرەوە.)

پیاوە هەژارەکە وەڵامی دایەوە:

-(ئێوە ڕەفتاری نادروستتان نەکردووە، من چوومە لای کەشیش و بەرەکەتی خستە ئەم کاغەزەوە)

- ئەمە تەنها پارچە کاغەزێکە، کەس ناتوانێ جێگای خۆی لەبەهەشتا بفرۆشێت! ئەگەر دەتەوێ دووئەوەندە پارەت دەدەمێ.

بەڵام پیاوە هەژارەکە ئامادە نەبوو پێی بفرۆشێتەوە، چونکە باوەڕی بە موعجیزەکە هەبوو، پیاوە بازرگانەکەش وردە وردە نرخەکەی بەرزدەکردەوەو ئەوەندەی بەرزکردەوە تا دواجار پێشنیاری ئەوەی کرد لەباتی ئەو کاغەزە دە لیرەی زێڕ بدات.

پیاوە هەژارەکە گوتی: (من پارەی پێشوەختەم ناوێ، دەبێ ژیانێکی باشتر بۆ ژنەکەم دابین بکەم، بۆ ئەم کارەش پێویستیم بە سەد لیرەی زێڕ هەیە، ئەمشەویش کە شەوی جەژنی لەدایکبوونە، هەر چاوەڕانی ئەم موعجیزەیەم.)

پیاوەکە نائومێد ببوو و دەیزانی ئەگەر درەنگ دابێت لە خواردنی عەلەشیشی دوای رێورەسمی مەزن بێبەش دەبێ، بڕیاریدا سەد لیرە بە پیاوە هەژارەکە بدات و کاغەزەکە وەربگرێتەوە، بۆ ژن و پیاوەکە موعجیزە روویدابوو، پیاوە بازرگانەکەش داخوازیی ژنەکەی جێبەجێ کردبوو، بەڵام دواتر ژنی بازرگانەکە دوچاری گومان و دڵەڕاوکەیی ببوو، نەوەکا مێردەکەی زەحمەتیی زۆری کێشابێت؟

دوای رێورەسمی مەزن، ژنەکە چووە لای کەشیشەکەو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە (باوکە، مێردەکەم پیاوێکی بینیوە کە ئێوە پێتان گوتبوو یەکەمین شت بکڕێت کە پێی دەفرۆشن، مێردەکەم  ویستوویەتی پارەیەکی بە ئاسانی دەستبکەوێت، پارەی لە پیاوەکە وەرگرتووەو لەسەر کاغەزێك نووسیویەتی کە جێگاکەی بەهەشتی بەپیاوەکە فرۆشتووە. من پێم گوتووە ئەگەر کاغەزەکە وەرنەگرێتەوە، شەو هیچ شەوچەرەیەکت نابێ، ئەویش ناچاربوو سەد لیرەی زێڕ بدات تا کاغەزەکە وەربگرێتەوە. زێدەڕۆییم نەکردووە؟ جێگایەك لە بەهەشت ئەوەندە هەرزانە؟)

(مێردەکەت دەیتوانی لە رۆژی لەدایکبوونی مەسیحدا بەخشندە بێت، لەجێگای ئەودا ئامرازی وەدەستهێنانی بوو بە موعجیزەی خودا، بەڵام پرسیاری دووەمت، کاتێ کە جێگاکەی خۆی لەبەهەشتدا بە چەند سەنتاوێك دەفرۆشت، تەنانەت ئەوەندەشی نەدەهێنا، بەڵام کاتێ بڕیاریدا بە سەد لیرە بیکڕێتەوە، ئەمەش تەنها بۆ ئەوە بوو کە دڵی ژنە خۆشەویستەکەی شاد بکات، ئێستا ئیتر زۆر لەوە هەرزانتر دەبێت.

**سەرچاوە**

www.caravan.ir

# کـــچـه شـــوان

## ویلیام سارۆیان

داپیرەم هەمیشە دەیگوت (پیاوان دەبێ کارێك بزانن) چەند ساتێك لەمەوبەر پێی گوتم:

دەبێ خۆت فێری پیشەیەکی باش بکەی, شتێکی وابێ بە کەڵکی خەڵك بێت, دەبێ بتوانی لە خۆڵو دارو ئاسن و قوماش شتێك دروست بکەی, ناشێ لاوێك تەنانەت لەیەك کاردا نەتوانێ هونەری خۆی نیشان بدات, ئایا تۆ دەزانی شتێك دروست بکەی؟ دەتوانی مێزێکی سادە, کورسییەك یان دەفرێك دروست بکەی؟ یا مافورێك یا مەسینەیەکی قاوە؟ دەزانم دەتەوێ ببیە نووسەر, گریمان بووی, تەنها شتێك کە بتوانی بەرهەمی بهێنی (وەك نووسەرەکانی دیکە) دووکەڵی جگەرەیە, جا ئەمە چییە؟ تۆ دەبێ بتوانی بە دەستی خۆت شتێکی بەرچاو دروست بکەی, شتێکی دروستو تەواو, شتێك کە بەکەڵك بێت, شتێك کە بوونی هەبێت، دواتر وەك هەمیشە دەستی کرد بە گێڕانەوەی یەکێك لە چیرۆکەکانی.

لە رۆژگارێکی کۆندا, یەکێ لە پاشاکانی ئێران کوڕێکی هەبوو, ئەو کوڕە عاشقی کچە شوانێك بوو, کوڕە چووە لای پاشاو گوتی: من کچە شوانێکم خۆش دەوێت و دەمەوێ زەماوەندی لەگەڵ بکەم, پاشا گوتی من پاشام و تۆ کوڕی منی ئەگەر من بمرم تۆ دەبیتە پاشای ئەم وڵاتە, چۆن دەتەوێ زەماوەند لەگەڵ کچە شوانێکدا بکەی؟! کوڕە لە وەڵامدا گوتی پاشای گەورەم، هۆیەکەی نازانم، بەڵام دەزانم کە بە دڵ و گیان خۆشم دەوێ!.

پاشا تێگەیشت کە عاشق بوونی کوڕەکەی بە کچە شوانەوە عەشقێکی ئەوتۆیە کە ئەو ناتوانێ رێگریی لێ بکات, بۆیە بڕیاریدا کە رێگەی لێ نەگرێت و گوتی من پەیامێك بۆ کچە شوان دەنێرم, یەکێکی راسپاردو گوتی بڕۆ لای کچە شوان و پێی بڵێ کوڕەکەمان خۆشی دەوێت و دەیەوێ بە هاوسەری خۆی هەڵیبژێرێ.



قاسیدەکە چووە لای کچە شوان و پەیامی پاشای پێگەیاند, کچە گوتی, کوڕی پاشا چ کارێك دەزانێت؟ قاسید گوتی ئەو کوڕی پاشایە, نابێ کار بکات!, کچە گوتی: ئەو دەبێ پیشەیەك بزانێت تا من شووی پێ بکەم, قاسید گەڕایەوە لای پاشاو قسەکانی کچەکەی بۆ گێڕایەوە.

پاشا بە کوڕەکەی گوت کچە شوان دەیەوێ تۆ فێری کارێك ببیت و هونەرێك بزانی, بەم مەرجەشەوە هەر ئامادەی بیکەیتە هاوسەری خۆت؟ کوڕە لە وەڵامدا گوتی بەڵێ منیش بۆ ئەم مەبەستە بڕیارمداوە خۆم فێری رایەخی حەسیربکەم.

بۆ بەیانییەکەی کوڕە دەستی کرد بە فێربوونی رایەخی حەسیر, رایەخی پڕ لە نەخش و نیگار, لە ماوەی سێ رۆژدا بە تەواوی فێری ئەو هونەرەبوو, قاسید بە چەند حەسیرێکەوە کە دەستکاری کوڕی پاشابوون چووە لای کچە شوان, کچە بە بینینی رایەخەکان رەزامەندی دەربڕی و چووە کۆشکی پاشاو لە ئاهەنگێکی گەورەدا بووە هاوسەری کوڕی پاشا.

رۆژێك لە رۆژان کوڕی پاشا بەشێوەیەکی ناشارەزا لە بازاڕی بەغدا پیاسەی دەکرد, کە چاوی بە چێشتخانەیەکی پاك و جوان کەوت بڕیاریدا بچێتە ژوورەوەو شتێك بخوات.

ئێستا گوێ بگرە, ئەو چێشتخانەیە جێگای دزو رێگرانی شارەکەبوو, دزەکان کوڕی پاشایان گرت و هاوێشتیانە ژێرزەمینێك لە نێو ئەم ژێرزەمینەدا گەلێك لە گەورە پیاوانی شارەکە زیندانی کرابوون, دزە بەد کردارەکان قەڵەوەکانیان دەکوشت و گۆشتەکانیان دەرخواردی لاوازەکان دەداو چێژیان لەم کارەیان وەردەگرت.

چونکە کوڕی پاشا زۆر لاوازبوو, کەسیش نەیدەزانی کوڕی پاشای ئێرانە, لەمردن رزگاری بوو, ئەو بە دزەکانی گوت: من تەونکارێکی شارەزام و حەسیری زۆر گرانبەها دروست دەکەم, دزانی چاوچنۆك حەسیریان بۆ هێناو گوتیان بیچنە, کوڕی پاشا لە ماوەی سێ رۆژدا سێ حەسیری چنی و بە دزەکانی گوت: ئەم سێ حەسیرە ببەنە کۆشکی پاشا و پاشا بۆ هەر یەکێکیان سەد لیرەی زێڕتان پێدەدا, دزەکان رایەخەکانیان بردە کۆشکی پاشا, کاتێ پاشا رایەخەکانی بینی تێگەیشت کە دەستکاری کوڕە ونبووەکەیەتی, رایەخەکانی بەکچە شوانیش نیشاندا, کچە شوان بە

وردی تەماشـای رایەخـەکانی کـردو لـە میـانی چـنینەکەدا پـەیامێکی دۆزیـەوە کەهاوسەرەکەی بە خەتی فارسی بۆیانی نووسیبووو داوای کۆمەکی لێکردبوون.

پاشا سەربازەکانی خۆی بۆ شوێنی دزەکان ناردو, سـەربازەکان هـەموو دزەکانیـان کوشت و هەموو زیندانییەکانیان ئـازادکردو کـوڕی پاشـایان بـە سـاغ و سـەلامەتی بردەوە, کاتێ کوڕە چووە ناو کۆشك و چاوی بـە هاوسـەرەکەی کەوتـەوە لەبـەر پێیـدا چەمایەوەو پێیەکانی ماچکردو گوتی ئـەی لـە گیـانی خـۆم ئـازیزتر, مـن بـە گیـان قـەرزاری تـۆم, لـەو رۆژە بـە دواوە کـچە شـوان سـەنگ و رێزێکـی زۆری لای پاشـا پەیداکردو سالانی ساڵ بە خۆشی و شادییەوە ژیانیان بردەسەر.

لەو کاتەدا داپیرەم هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: ئێستا تێگەیشتی بۆچـی دەبـێ هەر پیاوێك پیشەیەکی شەرەفمەندانە بزانێت؟

گوتم: بەڵێ بە تەواوی تێگەیشتم, هەر بۆیە کە پارەی پێویستم کۆکردەوە مـشارێك و چەکوشێك و هەندێ دار دەکڕم و هەوڵدەدەم تا مێزێکی خوێندنەوە یان تاقـچەیەکی کتێب دروست بکەم.

**سەرچاوە**

**اطلاعات هفتطی، شمارة۲۹۳۹ ، مترجم:مرتضی رفیعی**

# ئەو چیرۆکانەی خاوەنەکانیان دیار نین

# کاتژمێرێکی تایبەت

پیاوێك بەدرەنگ وەختەوە و لەکاتێکا کە توڕەیی لێ دەباری ، لەسەر کارەکەیەوە بۆ ماڵ گەڕایەوە، لەبەر دەرگا چاوی بەکوڕە پێنج ساڵانەکەی کەوت کە لە چاوەڕوانیی ئەودابوو.

- بابە! یەك پرسیارت لێ بکەم؟
- بەڵێ بێگومان، چ پرسیارێك؟
- بابە ئێوە بۆهەر کاتژمێرێك کارکردن، چەند پارە وەردەگرن؟

پیاوەکە بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە: (ئەمە پەیوەندی بەتۆوە نیە، بۆچی ئەمجۆرە پرسیارانە دەکەی؟)

- تەنها دەمەوێ بزانم، پێم بڵێ بۆهەر کاتژمێرێك کارکردن، چەند پارە وەردەگرن؟
- ئەگەر دەتەوێ بزانی باشەپێت دەڵێم، ٢٠ دۆلار.

کوڕیژگەکە لەکاتێکا کە سەری دانەواندبوو، هەناسەیەکی هەڵکێشاو دواتر تەماشایەکی پیاوەکەی کردو گوتی: (تکایە دەکرێ ١٠ دۆلارم بە قەرز بدەیتێ؟)

پیاوەکە زیاتر توڕەبوو وگوتی: (ئەگەر مەبەستت لەم پرسیارە تەنها ئەوە بوو کە پارەی کڕینی یارییەکی جوانم لێ بسەنی خێرا بڕۆ ژوورەکەت و بیر لەوە بکەرەوە کە بۆچی ئەوەندە خۆپەرستی. من هەموو ڕۆژێك کاری قورس دەکەم و کاتم بۆ ئەمجۆرە رەفتارە منداڵانەیە نیە.)

کوڕیژگەکە بەهێمنی چووە ژوورەکەی و دەرگاکەی داخست.

پیاوەکە دانیشت و دیسان لەوە توڕەتربوو. (چۆن رێگا بەخۆی دەدات تەنها بۆ وەرگرتنی پارە، ئەمجۆرە پرسیارانەم لێبکات؟)



دوای نزیکەی کاتژمێرێك پیاوەکە هێمنتر بۆوەو بیری لەوە کردەوە کە رەنگە زۆر بەتوندی و دڵڕەقانە رەفتاری لەگەڵ کوڕە بچکۆڵەکەی خۆی کردبێت، رەنگە لەراستیدا شتێکی وا هەبووبێ کە ئەو بۆ کڕینی پێویستیی بە١٠ دۆلار بێت بەتایبەتیش کە زۆر کەم رووی داوە کوڕەکە داوای پارە لەباوکی بکات.

پیاوەکە بەرەو ژووری کوڕەکە رۆیشت و دەرگاکەی کردەوە .

- نوستووی کوڕەکەم؟
- نەخێر باوکە، وەئاگام.
- بیرم لەوە کردەوە کە رەنگە بەتوندی رەفتارم لەگەڵ کردبیت،کاری ئەمڕۆکەم زۆرو زەحمەت بوو، هەموو هیلاکیەکانی خۆم بەسەر تۆدا هەڵڕشت، وەرە ، ئەمە ئەو ١٠ دۆلارەی کە داوات کردبوو

کوڕیژگەکە بەدەم دانیشتنەوە پێکەنی و هاواری کرد: (سوپاست دەکەم بابە) دواتر دەستی بردە ژێر سەرینەکەی و لە ژێرەوەیدا چەند پارەیەکی گەچراوی دەرهێنا.

پیاوەکە کاتێ کە بینی، کوڕەکە خۆیشی پارەی هەیە دوبارە کەللەیی بوو بە تێخوڕینەوە گوتی: (مادام خۆت پارەت هەبوو بۆچی داوای پارەت کرد؟)

کوڕیژگەکە وەڵامی دایەوە: (لەبەرئەوەی پارەکەم تەواو نەبوو ، بەڵام ئێستا تەواوە. ئێستا من ٢٠ دۆلارم هەیە. ئایا دەتوانم یەك کاتژمێر کارکردن لە ئێوە بکڕم تا سبەینێ زووتر بێیتەوە ماڵەوە ؟ چونکە حەزم لێیە نانی ئێوارەتان لەگەڵ بخۆم...)

## بۆ هەموو گۆزە شکاوەکان

ئاوچییەك لە هیندستان ، دوو گۆزەی گەورەی هەبوو،هەریەکەیانی بەسەری شیشێکەوە هەڵدەواسی و دەیخستە سەر شانی، یەکێ لەگۆزەکان کونێکی گەورەی تێببوو ، بۆیە هەموو جارێك گۆزە ساغەکە دەیتوانی بڕێکی زۆر لە ئاو بۆ خاوەنەکەی بباتەوە، کەچی گۆزە شکاوەکە نیو ئەوەندە ئاوی هەڵدەگرت.

بۆ ماوەی دوو ساڵ کار بەم شێوەیە بەردەوام بوو، ئاوچی تەنها گۆزەو نیوێك ئاوی دەگەیاندە ماڵی خاوەن ماڵەکەی. گۆزە ساغەکە لاف و گەزافی بۆ سەرکەوتنی خۆی لێدەدا. سەرکەوتن لە ئامانجێك کە بەهۆی ئەوەوە هاتبووە ئاراوە. بەڵام گۆزە شکاوە بەدبەختەکە بە هۆی کەموکوڕیی خۆیەوە شەرمەزار بوو و دڵتەنگبوو لەوەی کە تەنها دەیتوانی نیوەی کارەکەی خۆی ئەنجام بدات، دوای دوو ساڵان، ڕۆژێك لە ڕۆخ ڕووبارەکەدا، گۆزە شکاوەکە بە ئاوچییەکەی گوت:

- من شەرمەزارم و داوای لێبووردن لەتۆ دەکەم.

ئاوچی پرسی:

- مەبەستت چییە؟ لەچی شەرمەزاریت؟

گۆزە گوتی:

- لەم دوو ساڵەی ڕابردوودا تەنها توانیومە نیوەی کارەکەی خۆم ئەنجام بدەم، کونێك لە مندا بووە، بۆتە هۆی ئەوەی لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ ماڵی خاوەن ماڵەکەمان ئاوی لێ بڕژێت. بەهۆی ئەم کونەی منەوە تۆ ناچار بوویت ئەم هەموو زەحمەتە بکێشیت، هێشتا هەر بە ئامانجی خۆت نەگەیشتووی.

ئاوچی دڵی بۆ گۆزە شکاوەکە سوتاوبە دڵسۆزییەوە گوتی:



- داوات لێدەکەم لەکاتی گەڕانەوە بۆ ماڵەوە ، سەرنج بدەیتە گوڵە جوانەکانی ڕۆخ ڕێگاکە.

کاتێ کە بە گردەکاندا هەڵدەگەڕان، گۆزە شکاوەکە دڵخۆش بوو بەوەی کە تێبینی ئەوەی کردخۆر گەرمایی بە گوڵەکانی ڕۆخ ڕێگا دەبەخشێت، بەڵام لە کۆتایی ڕێگاکەدا دیسان هەستی بە نارەحەتی کرد، چونکە بینی نیوەی ئاوەکەی ڕژاوە.

بۆیە جارێکی تریش داوای لێبووردنی لە خاوەنەکەی کردو ئاوچییەکەش گوتی:

- من ئاگام لە درزەکانی تۆ هەبووەو سوودم لێیان وەرگرتووە، من کۆمەڵێك گوڵم لە ڕۆخی ڕێگاکەدا چاند، هەموو ڕۆژێك کە لە ڕووبار دەگەڕاینەوە، تۆ ئاوت پێدەاون، ماوەی دوو ساڵە من بەم گوڵانە ماڵی خاوەن ماڵەکەم ڕازاندۆتەوە، بێ بوونی تۆ ماڵی خاوەن ماڵ نەیدەتوانی ئەوەندە جوان بێت.

# چاوانی باوك

ئەمە چیرۆکیکە دەربارەی منداڵێکی لاواز کە کە شەیدای تۆپی پێ بوو، لە هەموو راهێنانەکاندا ئامادە بوو، بەڵام لەبەرئەوەی بە جەستە نیو ئەوەندەی منداڵانی تیپەکە بوو هەوڵەکانی بێهوودە بوو، لە هەموو یارییەکاندا وەرزشکارە دڵ پڕ لەهیواکەی ئێمە یاریزانی یەدەك بوو، بەڵام لەڕاستیدا هەرگیز بۆی نەدەلوا لە پێشبڕکێیەك یاری بکات.

ئەم کوڕە لەگەڵ باوکی بە تەنها دەژیاو پەیوەندییەکی تایبەت لە نێوان هەردووکیاندا هەبوو، گەرچی کوڕەکە هەمیشە لەکاتی یاریکردندا لەسەر تەختێکی لێواری گۆڕستانەکە دادەنیشت، بەڵام باوکی هەمیشە لەریزی بینەران دابوو و هانی ئەوی دەدا.

ئەم کوڕە کاتێ کە چووە قوتابخانەش، لاوازترین قوتابیی پۆلەکە بوو، بەڵام لەوێشدا باوکی هانیدەدا لەسەر راهێنانەکانی خۆی بەردەوام بێت، بەڵام پێی دەگوت ئەگەر حەزی لێ نییە، بەزۆر ئەم کارەی پێناکات.

بەڵام کوڕە کە شەیدای تۆپی پێ بوو، بڕیاری دابوو کە بەردەوام بێت لەسەری، ئەو لە هەموو راهێنانەکاندا هەموو هەوڵ و تواناکانی خۆی دەخستەکار بەو ئومێدەی کە گەورەتربوو بتوانێ لە پێشبڕکێکاندا بەشداری بکات، لەماوەی چوار ساڵ لە قوتابخانەی ئامادەیی دا، بەشداریی لەهەموو راهێنانەکاندا دەکرد، بەڵام هەر وەك یاریزانێکی یەدەگ مایەوە. باوکە دڵسۆزەکەی هەمیشە لە ریزی بینەران دابوو و هانی ئەوی دەدا.

دوای ئەوەی چووە زانکۆ، کوڕەی لاو دیسان بڕیاریدا لەسەر تۆپی پێ بەردەوام بێت و راهێنەریش رەزامەندی لەسەر بڕیارەکەی ئەو دەربڕی، چونکە ئەو هەمیشە بە هەموو توانای خۆیەوە لە راهێنانەکاندا بەشداریی دەکرد، وێڕای ئەمەش ورەی هەموو یاریزانەکانی دیکەی بەرزدەکردەوە .



ئەو کوڕە لەماوەی چوار ساڵی زانکۆش بەشداریی هەموو راهێنانەکانی کرد، بەڵام هەرگیز لە هیچ پێشبڕکێیەکدا یاریی نەکرد.

لە یەکێ لە دواین رۆژەکانی پێشبڕکێ وەرزییەکانی تۆپی پێ ، کە کوڕەکە بۆ پێشبڕکێی کۆتایی بۆ شوێنی راهێنان دەڕۆیشت، راهێنەر بەپەیامێکەوە بەرەولای هات. کوڕەلاوەکە پەیامەکەی خوێندەوەو بێدەنگبوو، لەکاتێکا کە هەوڵیدەدا هێمنیی خۆی بپارێزێ، لەژێر لێوەوە گوتی:

- باوکم ئەمڕۆ سەرلەبەیانی مردووە، کێشەیەك نییە ئەگەر ئەمڕۆ بەشداری لە راهێنان نەکەم؟

راهێنەر بە میهرەبانییەوە دەستەکانی خستە سەر شانی کوڕەکەو گوتی:

- کوڕی خۆم، ئەم هەفتەیە پشووبدە. تەنانەت پێویست ناکات بۆ یاریی کۆتایی لە رۆژی شەممەدا بێیت.

کە رۆژی شەممە داهات، کوڕەلاوەکە بە هێمنییەوە چووە ژووری جل داکەندن و کەلوپەلەکانی خستەلایەکەوە، راهێنەرو یاریزانەکان بە بینینی هاوڕێ دڵسۆزەکەیان سەریان سوڕما، کوڕە لاوەکە بە راهێنەرەکەی گوت:

- تکایە رێگام پێبدە ئەمڕۆ یاری بکەم ، تەنها ئەمڕۆژە.

راهێنەر خۆی وانیشاندا کە گوێی لە قسەکانی ئەو نەبووە، نەدەکرا ئەو رێگا بدات لاوازترین یاریزانی تیپەکەی لە گرنگترین پێشبڕکێدا یاری بکات. بەڵام کوڕە لاوەکە زۆر بەتوندی پێی لەسەر ئەمە داگرت و سەرەنجام راهێنەر دڵی پێی سوتاوگوتی:

- باشە دەتوانی یاری بکەیت

راهێنەرو یاریزانەکان بینەران نەیاندەنوانی ئەوەی کە دەیبینن باوەڕی پێبکەن.

ئەو کوڕە کە هەرگیز لە پێشبڕکێیەکدا یاریی نەکردبوو، هەموو جولانەوەکانی گونجاوو لە شوێنی خۆیدابوو، تیپی بەرامبەر بە هیچ جۆرێك نەیدەتوانی پێشی پێبگرێت، غاریدەداو پاسی دەداو زۆر بەچاکی بەرگریی دەکرد، لە دەقیقەی کۆتاییەکانی یارییەکەدا پاسێکیدا کە بووە هۆی بردنەوەی تیپەکە.

یاریزانەکان ئەویان لەسەر دەستیان بەرزکردەوەوبینەران ستایشیانکرد، دواجار کە بینەران یاریگاکەیان جێهێشت، راهێنەرەکە کورە لاوەکەی بینی، بە تەنیا لە سوچێك دانیشتووە.

راهێنەر گوتی:

- کوڕی خۆم من ناتوانم باوەڕ بکەم، تۆ یاریزانێکی ئاسایی نەبوویت، بزانم چۆن توانیت ئەم یارییە جوانە بکەیت؟!

کوڕە لەکاتێکا کە چاوەکانی پڕبووبوو لە فرمێسك، وەڵامی دایەوە:

- تۆ دەزانی باوکم مردووە، بەڵام ئایا دەزانی کە کوێربوو؟ دواتر زەردەخەنەیەکی کاڵ کەوتە سەر لێوەکانی و گوتی:

- باوکم وەك بینەرێك لە هەموو پێشبڕکێکاندا بەشداریی دەکرد، بەڵام ئەمڕۆ یەکەمین رۆژ بوو کە ئەو بە راستی دەیتوانی پێشبڕکێ ببینێت و من دەمویست ئەوەی بۆ بسەلمێنم کە دەتوانم یاری بکەم.

## توانای وشە

چەند بۆقێك بە دارستانێكدا تێدەپەڕین لەپڕێكدا دووانیان كەوتنە ناو چاڵێكی قووڵەوە . بۆقەكانی دیكە لە ڕۆخ چاڵەكە كۆبوونەوەو كاتێ كە بینیان چاڵەكە چەند قووڵە بە دوو بۆقەكەی تریان گوت : ئیتر چارە نیەو ئێوە بەم زووانە دەمرن ، دوو بۆقەكە گوێیان بەم قسانە نەداو بە هەموو توانایەكیانەوە هەوڵیاندەدا كە لەچاڵەكەدا بازدەنە دەرەوە ، بەڵام بۆقەكانی دیكە بەردەوام پێیان دەگوتن واز لە هەوڵدان بێنن، چونكە ناتوانن لە چاڵەكە بێنە دەرەوەو بەم زووانە دەمرن ، دواتر یەكێ لە دوو بۆقەكە بە قسەی بۆقەكانی دیكەی كردو دەستی لە تەقەللا هەڵگرت و یەكسەر كەوتە قوڵایی چاڵەكەوەو مرد.بەڵام بۆقەكەی دیكە بە زیاتر لەتوانای خۆیەوە بۆ دەرچوون لە چاڵەكە تێیدەكۆشا ، بۆقەكانی دیكە هاواریان دەكرد كە واز لە هەوڵ و تەقەللا بێنێ ، بەڵام ئەو بە هێزێكی زیاترەوە هەوڵی دەداو دواجار لە چاڵەكە هاتە دەرەوە

كاتێ لە چاڵەكە هاتە دەرەوە ، بۆقەكانی دیكە لێیانپرسی : مەگەر تۆ گوێت لە قسەكانی ئێمە نەبوو ؟ دەركەوت كە بۆقەكە كەڕە ، لەڕاستیدا ئەو بەردەوام واتێگەیشتبوو كە ئەوانیتر هانیدەدەن.

## لە راستیدا ئێمە چەند هەژارین

رۆژێك پیاوێکی دەوڵەمەند، کوڕە بچکۆلەکەی خۆی بردە گوندێك تا پێی نیشان بدات ئەو خەڵکەی لەوێدا دەژین چەند هەژارن. شەوو رۆژێکی تەواویان لە ماڵێکی هەژارانەی لادێییەکدا بەسەربرد.

لە گەڕانەوەیانداو لەکۆتایی گەشتەکەیاندا، پیاوەکە لە کوڕەکەی پرسی: راو بۆچوونت دەربارەی گەشتەکەمان چی بوو؟

کوڕە گوتی: زۆر باش بوو.

باوکە گوتی: ئایا سەرنجی ژیانی ئەوانتدا؟

کوڕەگوتی: وابزانم.

باوکە گوتی: چ شتێك لەم گەشتە فێر بووی؟

کوڕە تۆزێك بیری کردەوەو دواتر بە هێمنییەوە گوتی: تێگەیشتم کە ئێمە لە ماڵەوەدا سەگێکمان هەیەو ئەوان چواریان هەیە، ئێمە لە حەوشەدا ئاوپڕژێنێکمان هەیەو ئەوان رووبارێکی بێکۆتاییان هەیە، ئێمە لە حەوشەکەماندا هەندێ چرای جوانمان هەیەو ئەوان ئەستێرەکانیان هەیە، سنووری حەوشەی ئێمە بە دیوارەکانەوە دیاری کراوە بەڵام باخەکانی ئەوان بێ کۆتایین! لە کۆتایی قسەکانی کوڕەکەدا، پیاوەکە زمانی گیرابوو، کوڕەکە زیاتر قسەی کردو گوتی: سوپاست دەکەم کە تێتگەیاندم لە راستیدا ئێمە چەند هەژارین.

# هەڵۆ

پیاوێك هێلكەیەكی هەڵۆی دۆزیەوەو خستیە كۆلێتی مریشكەوە، هـەڵۆ لەگـەڵ جوجوڵەكانی دیكە لو هێلكە هاتە دەرەوەو لەگەڵ ئەوان گەورەبوو، لەهەموو ژیانیدا ئەو كارانەی ئەنجام دەدا كە مریشكەكان دەیانكرد، بۆ دۆزینــەوەی كـرم و مێرووڵـە زەوییان هەڵدەكەندو هەندێك جار چینەیان دەكـردو دەسـتیان بـە گارەگـارِ دەكـردو هەندێجاریش بە دەست و پیّ لێكدان كەمێك بە ئاسماندا دەفرِین.

ساڵانێك تێپەرِی و هەڵۆ زۆر پیر بوو.

رۆژێكیان باڵندەیەكی گەورەی لەسەر سەریەوە لە بەرزایی ئاسمـانی هەورینــەوە بەرچاوكەوت، كەزۆر بە لێوەشاوەییەوە بە كەمێك جولاندنەوەی باڵە زێرِینەكانیەوە بە پێچەوانەی توندی با دەفرِی.

پیرە هەڵۆ بە سەرسامییەوە پرسی: ئەمە كێیە؟

دراوسێكەی گوتی: ئەمە هەڵۆ یە، شای باڵندانە، ئەو پەیوەستە بە ئاسمانەوەو ئێمە خەڵكی سەر زەوین.

هەڵۆ وەك مریـشكێك ژیـاو وەك مریـشكێك مـرد، بۆیـە هـەر وایـدەزانی كـە مریشكێكە.

# جوانترین دڵ

رۆژێك پیاوێكی گەنج لەناوەڕاستی شارێك راوەستابوو و هاواری دەكرد ئەو جوانترین دڵی هەیە لە هەموو ناوچەكەدا. خەڵكێكی زۆر كۆبوونەوە، ئەو دڵێكی زۆر ساغ و سەلامەتی هەبووو هیچ رووشانێكی بەسەرەوە نەبوو، بۆیە هەموو باوەڕیان بەوە هێنا كە بەڕاستی دڵی ئەو جوانترین دڵێكە تا ئێستا بینیبێتیان. پیاوە گەنجەكە بەوپەڕی شانازییەوە و بەدەنگێكی بەرزتر، كەوتە باسكردنی دڵی خۆی، لەپڕێكا پیرەمێردێك هاتە لای خەڵكەكەو گوتی: بەڵام دڵی تۆ وەك دڵی من جوان نیە.

پیاوە گەنجەكەو خەڵكەكەی دیكە، تەماشای دڵی پیرەمێردەكەیان كرد، دڵەكەی بە گوڕو توانای تەواوەوە لێیدەدا، بەڵام پڕ بوو لەبرین، چەند بەشێكی دڵی هەڵگیرابوو و پارچەی دیكەیان لە شوێنی دانابوو، بەڵام جێگا چۆڵەكانیان بە تەواوی پڕنەكردبووەوەو چەند گۆشەیەكی دڕو تیژ لە دڵیدا دەبینرا، هەندێ درزی قووڵ هەبوون كە هیچ پارچەیەك پڕی نەكردبوونەوە، خەڵك بە سەرسوڕماوییەوە تەماشایان دەكردو بیریان لەوە دەكردەوە كە ئەم پیرەمێردە چۆن بانگەشەی ئەوە دەكات كە دڵێكی جوانتری هەیە.

پیاوە گەنجەكە ئاماژەیەكی بۆ دڵی پیرەمێرد كردو بە پێكەنینەوە گوتی: بێگومان تۆ گاڵتە دەكەی... دڵی خۆت لەگەڵ دڵی من بەراورد دەكەی. دڵی تۆ تەنها مشتێك برین و داڕوشان و شەقارە. پیرەمێرد گوتی: راستە دڵی تۆ بە رواڵەت ساغە ، بەڵام من هەرگیز دڵی خۆم بە دڵی تۆ ناگۆڕمەوە. دەزانی هەر برینێك هێمای مرۆڤێكە كە من عەشقم پێبەخشیوە، من بەشێك لە دڵی خۆم جیاكردۆتەوەو داومەتە ئەو، هەنێك جار ئەویش بەشێك لە دڵی خۆی داوەتە من و



لە شوێنی ئەو پارچەیەم داناوە كە بەخشیومە، بەڵام لەبەرئەوەی هەردووكیان رێك وەك یەك نەبووون چەند گۆشەیەكی دڕو تیژم لە دڵدایە، كە بەلامەوە خۆشەویستن ، چونكە یادگاری عەشقی نێوان دوو مرۆڤن. هەندێ جار بەشێك لە دڵی خۆم بە كەسانێك بەخشیوە، بەڵام ئەوان شتێكیان لە دڵی خۆیان بە من نەداوە، ئەمانەش ئەو درزە قوڵانەن، گەرچی ئازاربەخشن بەڵام یادگاری عەشقێكن كە هەمبووە. بەو ئومێدەم كە ئەوانیش رۆژێك بگەڕێنەوەو ئەم درزە قووڵانە بەو پارچەیە پڕبكەنەوە كەمن چاوەڕوانیم كردووە. كەواتە ئێستا دەزانیت كە جوانیی راستەقینە چییە؟

پیاوە گەنجەكە قڕوقەپ راوەستا، لەكاتێكا كە فرمێسك بەسەر روومەتەكانیدا دەهاتەخوار، بەرەو لای پیرەمێرد رۆیشت، پارچەیەكی لە دڵی گەنجانەو ساغی خۆی كردەوەو بە دەستی لەرزۆكەوە پێشكەشی پیرەمێردی كرد، پیرەمێرد وەریگرت و لەدڵی خۆیدا جێگای كردەوەو بەشێك لە دڵە پیرو بریندارەكەی خۆی لە شوێنی برینی دڵی پیاوە گەنجەكە دانا.

پیاوە گەنجەكە تەماشای دڵی خۆی كرد ، ئیتر ساغ نەبوو بەڵام لە هەموو كاتێك جوانتر بوو.چونكە عەشق لە دڵی پیرەمێردەوە بە دڵی ئەودا رۆچووبوو.

# لەودیوی پەنجەرەدا

دوو پیاوی نە خۆش لە ژوورێکی نەخۆشخانەیەکدا خەوتبوون، یەکێك لە نەخۆشەکان ، هەموو ڕۆژێ دوای نیوەڕۆ مۆڵەتی هەبوو بۆ ماوەی کاتژمێرێك لەسەر قەرەوێڵەکەی دانیشێت. قەرەوێڵەکەی ئەو لە تەنیشت تاکەپەنجەرەی ژوورەکە بوو، بەڵام نەخۆشەکەی دیکە دەبوایە هیچ نەجولێت و هەمیشە پشت بە پشتی هاوژوورەکەی بخەوێت. ماوەی کاتژمێرێك بەیەکەوە قسەیان دەکردو باسیان لە هاوسەرو بنەماڵەو پشووەکانیان دەکرد.

دوای نیوەڕۆی هەموو ڕۆژێك ئەو نەخۆشەی کە قەرەوێڵەکەی لەپاڵ پەنجەرەکە بوو دادەنیشت و هەموو ئەو شتانەی دەرەوە کە لە پەنجەرە دەیبینی بۆ ئاوەڵەکەی باس دەکرد. نەخۆشەکەی دیکە لەو کاتژمێرەدا بە بیستنی باس وخواسی دنیای دەرەوە ڕۆحی تازە دەبۆوە.

ئەم پەنجەرەیە ڕووی لە پارکێك بوو کە دەریاچەیەکی جوانی هەبوو، مراویو قورینگەکان لە دەریاچەکەدا مەلەیان دەکردو منداڵان بە بەلەمی ڕابواردن ، کاتیان لەناو ئاودا بەسەردەبرد، درەختە کۆنەساڵەکان جوانییەکی تایبەتیان بە دیمەنی دەرەوە بەخشیبوو و وێنەی جوانی شارەکە لە ئاسۆی دوورەوە دەبینران .

وەك چۆن پیاوی بەر پەنجەرە ئەم وردەکارییانەی باس دەکرد، ئاوەڵەکەیشی چاوەکانی خۆی دەبەست و ئەم دیمەنانەی لە خەیاڵی خۆیدا بەرجەستە دەکرد.

چەندین ڕۆژو هەفتە تێپەڕی. ڕۆژێك سەر لەبەیانی، پەرستارێك کە ئاوی بۆ گەرماوکردنی ئەوان هێنابوو، تەرمی پیاوەکەی تەنیشت پەنجەرەی بینی کە بە ئارامی لە خەودا دنیای جێهێشتبوو.



پەرستارەکە زۆر دڵتەنگ بووو داوای لە خزمەتکارەکانی نەخۆشخانەکە کرد کە تەرمی ئەو پیاوە ببەنە دەرەوە.

پیاوەکەی دیکەداوای کرد قەرەوێڵەکەی بگوازنەوە بۆ تەنیشت پەنجەرەکە، پەرستارەکە بە ڕەزامەندییەوە کارەکەی ئەنجامداو دوای دڵنیابوون لە ئاسوودەیی پیاوەکە، ژوورەکەی جێهێشت.

ئەو پیاوە بە هێمنی و بەئازارێکی زۆرەوە خۆی گەیاندە لای پەنجەرەکە تا بۆ یەکەمین جار لە دنیای دەرەوە بڕوانێت. سەرەنجام ئەو دەیتوانی ئەم دونیایە بە چاوانی خۆی ببینێت.

زۆر سەری لەوە سوڕما کە بەرەو ڕووی دیوارێك بووەوە .

پیاوەکە، بانگی پەرستارەکەی کردو لێی پرسی :چ شتێك وای لە ئاوەڵەکەی دەکرد تا باسی دیمەنی ئاوا جوانی بۆ بکات؟

پەرستارەکە گوتی : رەنگە ئەو ویستبێتی ورەت پێ ببەخشێت، چونکە لەراستیدا ئەو پیاوە کوێر بووەو تەنانەت نەیتوانیوە دیوارەکەش ببینێت.

# دارتاش

دارتاشێکی پیر هەبوو، دەیویست خانەنشین ببێت.بەخاوەن کارەکەی خۆی گوت: کە دەیەوێت واز لە دروستکردنی خانوو بێنێت وژیانێکی ئارام لەپاڵ هاوسەرو خێزانەکـەی بەسەرببات.

خاوەن کارەکە کاتێ کە بیستی کرێکارە چالاکەکەی دەیەوێت واز لە کـار بهێنێـت خەم دایگرت و داوای لێکرد وەك دوایین کار ، تەنها یەك خانووی دیکە دروست بکات. دارتاشی پیر قەبووڵی کرد، بەڵام بە تەواوی پێیەوە دیار بوو کە لـە دڵـەوە بـەم کـارە رازی نییە.

ئەو بۆ دروست کردنی ئەم خانووە کەرەستەی زۆر نارێکی بەکارهێناو بە پەلە پـەل کەوتە دروست کردنی خانووەکە.

کاتێ خانووەکە کۆتایی پێهات و خاوەن کار بۆ بینینـی خانووەکـە هـات، کلیلـی دەرگای خانووەکەی دایە دارتاشەکەو گوتی: ئەم خانووە بۆ تۆیە، ئەمە دیارییەکـە لـە منەوە بۆتۆ.

دارتاشەکە تاسابوو، جێگای داخ بوو! ئەگەر دەیزانی کەوا خـانوو بۆخـۆی دروسـت دەکات، بێگومان کارەکەی بە جۆرێکی دیکە ئەنجام دەدا...

# فریشتەی منداڵێك

منداڵێك كە ئامادەی لەدایكبوون بوو، چووەلای خوداو پێیگوت: دەڵێن بەیانی دەمنێرنە زەمین ، بەڵام من بەم بچووكییەو بیٚ هیچ یارمەتییەك چۆن دەتوانم بۆ ژیان بچمە ئەویٚ؟

خودا وەڵامی دایەوە: لە نێوان ژمارەیەكی زۆر لە فریشتەكاندا من یەكێكم بۆ تۆ تەرخان كردووەو ئەو چاوەڕوانی تۆیەو دەتپارێزێت.

بەڵام منداڵەكە هێشتا دڵنیا نەبوو لەوەی كە دەیەوێت بڕوات یان نا.

- بەڵام من لێرە لە بەهەشتدا جگە لە پێكەنین و گۆرانی گوتن هیچ كاریكم نییە، ئەمانەش بەسن بۆ شادومانیی من.

خودا زەردەخەنەیەكی كردو گوتی: فریشتەی تۆ گۆرانیت بۆ دەڵیٚ، هەموو رۆژێك زەردەخەنەت بۆ دەكات، تۆ هەست بە عەشقی ئەو دەكەیت و شادومان دەبیت .

منداڵەكە درێژەی بە قسەی خۆیدا: من چۆن بتوانم تێبگەم كە خەڵك چی دەڵێن لە كاتێكا كە من زمانی ئەوان نازانم؟

خودا دەستێكی بەسەریدا هێناو گوتی: فریشتەی تۆ، جوانترین و شیرینترین ئەو وشانەی دەشیٚ بیانبیستی بە گوێی تۆدا دەچرپێنیٚ و بە وردی و هێمنییەوە فێرت دەكات چۆن بدوێی.

منداڵەكە گوتی: ئەو كاتەی كە ویستم لەگەڵ ئێوە بدوێم ،چی بكەم؟

بەڵام خودا بۆ ئەم پرسیارەش وەڵامێكی هەبوو: فریشتەكەت دەستەكانت داخاتە پاڵ یەكترو فێرت دەكات كە چۆن دوعا بكەی.



منداڵەكە سەری وەرسوڕاندو گوتی: بیستوومە مرۆڤی خراپ لە سەر زەویدا دەژین، كیٚ پارێزگاری لە من دەكات؟

- فریشتەكەت پارێزگاریت لیٚ دەكات ، تەنانەت ئەگەر بە قیمەتی گیانی خۆیشی بێت.

منداڵەكە بە نارەحەتییەوە بەردەوام بوو: بەڵام من هەمیشە نارەحەت دەبم لەبەرئەوەی كە هیچیتر ئێوە نابینم.

خودا زەردەخەنەیەكی كردو گوتی: فریشتەكەت هەمیشە دەربارەی من لەگەڵت دەدوێت و رێگای گەڕانەوەی لای منت پیٚ نیشان دەدات، ئەگەرچی من هەمیشە لەتەك تۆدا دەبم.

لەوكاتەدا بەهەشت ئارام بوو، بەڵام دەنگەدەنگێك لە زەوییەوە دەبیسترا.منداڵەكە دەیزانی دەبیٚ بەخێرایی سەفەرەكەی دەست پێبكات، بە هێمنیەوە پرسیارێكی دیكەی لە خوداكرد: خودایە ئەگەر دەبیٚ ئێستا بڕۆم، تكایە ناوی فریشتەی خۆمم پیٚ بڵیٚ.

خودا دەستێكی خستە سەر شانی و گوتی: ناوی فریشتەكەت گرنگ نییە، بە دڵنیاییەوە دەتوانی بە دایكە بانگی بكەی.

# دۆندرمه

کوڕێکی بچکۆله چووه ناو دوکانی دۆندرمەفرۆشێك و لەپشت مێزێکەوه دانیشت. خزمەتکارەکه پەرداخێك ئاوی بۆ هێنا، کوڕه بچکۆلەکه لێی پرسی: دۆندرمەیەکی بە میوه بە چەنده؟

خزمەتکارەکه گوتی: ٥٠ سەنت.کوڕه بچکۆلەکه دەستی بۆ گیرفانی بردو کەوتە ژماردن، دواتر پرسی: دۆندرمەیەکی ساده بە چەنده؟

لەوکاتەدا کۆمەڵێك کڕیار چاوەڕوانی مێزێکی بەتاڵیان دەکرد. خزمەتکار بە تووڕەییەوه گوتی: ٣٥ سەنتز کوڕەکه جارێکی دیکه پارەکانی ژماردو گوتی: تکایە دۆندرمەیەکی ساده.

خزمەتکار دۆندرمەکەی هێناو بەدوای کاری خۆیدا ڕۆیشت. کوڕەکەش دوای خواردنی دۆندرمەکه پارەکەی دایه سەندووق و ڕۆیشت.

کاتێ خزمەتکارەکه گەڕایەوه دوچاری شۆك بوو بەرامبەر بەوەی کە بینی، لەوێدا لە تەنیشت قوتووی بەتاڵی دۆندرمەکەدا، دوو سکەی پێنج سەنتی و پێنج سکەی یەك سەنتیی وەك بەخشیش بۆ خزمەتکارەکه جێهێشتبوو.

# سەنتێکم دۆزیەوە

کوڕێکی بچکۆلە، لەکاتی ڕۆیشتن بە کۆڵاندا سکەیەکی یەك سەنتیی دۆزییەوە، بە دۆزینەوەی ئەم پارەیە بێ هیچ زەحمەتێك زۆر کەیفخۆش بوو.ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە ڕۆژەکانی دیکەش چاوی زەقەوە سەری نەوی بکات و بەدوای گەنجینەدا بگەڕێت.

لە ماوەی ژیانیدا ٢٩٦ سکەی یەك سەنتی و ٤٨ سکەی پێنج سەنتی و ١٩ سکەی ١٠ سەنتی و ٢ سکەی نیو دۆلاری و ئەسکەناسێکی گەچراوی یەك دۆلاریی دۆزیەوە. واتە هەمووی بەسەر یەکەوە دەکاتە ١٣ دۆلارو ٢٦ سەنت.

لەبەرامبەر دۆزینەوەی ئەو ١٣ دۆلارو ٢٦ سەنتەشدا، جوانیی دڵڕفێنی ٣١٣٦٩ دەرکەوتنی خۆرو درەوشانەوەی ١٥٧ پەلکە زێڕینەو دیمەنی دار ئەفراکانی لە سەرمای پایزدا لەدەستدا.هەروەها هیچ کاتێك ڕۆیینی هەورە سپییەکانی لەبەرزایی ئاسمانەوە نەبینی لەکاتێکا لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی دیکە دەگۆڕان، بەهیچ جۆرێك باڵندەکان لە کاتی فڕین و درەوشانەوەی خۆرو زەردەخەنەی هەزاران ڕێبوار نەبوونە بەشێك لە یادگارییەکانی ئەو.

# بزمارەکانی سەر دیوار

کوڕیژگەیەك هەبوو کە ئاکاری جوانی نەبوو، باوکی قوتوویێك بزماری پێداو گوتی : هەرجارێك کە توڕە دەبیت دەبیَ بزمارێك لە دیوار بکوتی.

ڕۆژی یەکەم کوڕیژگەکە ۳۷ بزماری لە دیوار کوتا. لە ماوەی چەند هەفتەیەکی دواترلە کاتێکا کە فێری ئەوە دەبوو بەسەر توڕەبوونی خۆیدا زاڵ بێت، ژمارەی بزمارە کوتراوەکانی سەر دیوار کەمتر دەبۆوە. ئەو لەوە تێگەیشت کە زاڵبوون بەسەر توڕەییەکەی ئاسانترە لە کوتانی بزمارەکان بەسەر دیوارەکەوە...

دواجار ئەو ڕۆژە داهات کە کوڕیژگەکە چیتر توڕە نەبێت.

کوڕە ئەمەی بە باوکی گوت و باوکیشی داوای لیَ کرد هەر ڕۆژێك کە دەتوانیَ بەسەر توڕەبوونی خۆیدا زاڵ بێت یەکیَ لە بزمارەکان لە دیوارەکە دەربکات.

ڕۆژانێك تێپەڕی و سەرەنجام کوڕیژگەکە توانی بەباوکی بڵێت کە هەموو بزمارەکانی لە دیوارەکە دەرکردووە. باوکەکە دەستی کوڕەکەی گرت و بردیە لای دیوارەکەو پێیگوت: کوڕم، تۆ کارێکی باشت ئەنجام داوە ، بەڵام تەماشای کونەکانی دیوارەکە بکە، ئیتر ئەم دیوارە هەرگیز وەك پێشووی لیَ نایەتەوە ، کاتیَ تۆ لە کاتی توڕەییدا قسان دەکەیت، ئەم قسانەش شوێنەواری لەم چەشنە بەجێدێڵن، تۆ دەتوانیت چەقۆیەك بچەقێنیتە دڵی مرۆڤ و بیهێنیتە دەرەوە، بەڵام هەزاران جاریش داوای لێبوردن بکەیت سوودی نییە، برینی زمانیش بەقەد برینی چەقۆ ترسناکە.

# بابەتە بنەڕەتییەکە فەرامۆش مەکە

ژنێك تووتییەکی کڕی، بەڵام ڕۆژی دواتر بۆ

دوکانەکەی بردەوەو بە دوکاندارەکەی گوت: ئەم باڵندەیە نادوێت.

دوکاندار لێی پرسی: ئایا ئاوێنە لە قەفەزەکەیدا هەیە؟ تووتییەکان عاشقی ئاوێنەن، ئەوان وێنەی خۆیان لە ئاوێنەدا دەبینن و دەست بە قسە دەکەن.

ژنەکە ئاوێنەیەکی کڕی و ڕۆیشت.

ڕۆژی دواتر دیسان ئەو ژنە گەڕایەوە، تووتییەکە هێشتا هەر نەدەدوا. دوکاندار لێی پرسی : ئەی پەیژە؟ لە قەفەزەکەیدا پەیژە هەیە؟ تووتییەکان عاشقی پەیژەن.

ژنەکە پەیژەیەکی کڕی و ڕۆیشت.

بەڵام ڕۆژی دواتر دیسان ژنەکە هاتەوە، دوکاندار گوتی: ئایا تووتییەکەی ئێوە لە قەفەزەکەیدا جۆلانەی هەیە..؟ نییە..؟ بەراستی کێشەکە هەر ئەمەیە، هەر کە دەستی بە جۆلانێ کرد، قسەکردنی دەبێتە جێگای ڕەزامەندی هەموو لایەك، ژنەکە بە نابەدڵییەوە جۆلانەیەکی کڕی و ڕۆیشت.

ڕۆژی دواتر کە ژنەکە هاتە ناو دوکانەکە، ڕوخساری بە تەواوی گۆڕابوو، گوتی: تووتییەکە مرد.

دوکاندارەکە واقی وڕماو گوتی: بەڕاستی دڵگرانم، ئایا ئەو هەر وشەیەکیشی نەگوت؟

ژنەکە لە وەڵامدا گوتی: چۆن! ڕێك بەر لەوەی بمرێت بە دەنگێکی کزەوە لێی پرسیم : ئایا لەو دوکانەدا هیچ خۆراکێك بۆ تووتییان نافرۆشن؟

# دوو فریشته

دوو فریشتەی ڕێبوار، بۆ بەسەربردنی شەو لە مـاڵێکی دەوڵەمەنـد دابـەزین. ئـەم ماڵـە هەڵـسوکەوتیان بـاش نـەبوو، نەیانهێـشت دوو فریـشتەکە بـچنە ژووره ڕێـك و رازاوەکەی میوانان، بەڵکو لەژێرزەمینە ساردەکەی ماڵەوەدا دایاننان،

فریشتە پیرەکە درزێکی لە دیواری ژێرزەمینەکەدا دۆزییەوەو چـاکی کـردەوە. کـە فریـشتە لاوەکە لێی پرسی ئەم کارەت بۆ کرد؟ ئەو گوتی: هەموو کارێك بەوجۆرە نییە کە دەبینرێت.

شەوی دواتر ئەم دوو فریشتەیە چوونە ماڵێکی هەژار، بەڵام میـوان دۆسـت. دوای خواردنی ئەو چێشتە سادەیەی کەهەیانبوو ، ژن و پیاوە هەژارەکە قەرەوێڵەکانی خۆیان دایە دوو فریشتەکە بۆئەوەی بحەسێنەوە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دواتر، ژن و مێردەکەیان بینـی دەگریـان. مانگاکـەیان لـەناو کێڵگەدا مردبوو، کەهەموو گوزەرانیان لەسەر شیرەکەی بوو.

فریشتە لاوەکە بە توڕەییەوە لە فریشتە پیرەکەی پرسـی: بۆچـی هێـشتت شـتی وا ڕوویدات؟ ئەو ماڵەی دیکە کە هەموو شـتێکیان هـەبوو، کەچـی تـۆ یارمـەتیت دان، بەڵام ئەم ماڵە شتێکی ئەوتۆیان نەبوو، تۆ هێشتت مانگاکەیان بمرێت.

فریشتە پیرەکە وەڵامی دایەوە: کە لە ژێرزەمینی ئـەو ماڵـە دەوڵەمەنـدە بـووین، بینیم لە درزی دیوارەکەوە کیسەیەك زێڕ هەیـە، لەبەرئـەوەی ئـەوان زۆر چاوچـنۆك و دڵپیس بوون، درزەکەم گرت و زێڕەکانم لەبەر چاوی ئەوان شاردەوە ، دوێنـێ شـەو کـە ئێمە لەناو نوێنی ژن و پیاوە هەژارەکە خەوتبووین، مـەرگ بـۆ کێـشانی گیـانی ژنـە هەژارەکە هاتبوو، من لەباتی ئەو مانگاکەم پێیدا. هەموو کاروبارێك بەوجۆرە نیە کە دەبینرێن و ئێمە هەندێ جار زۆر درەنگ پەی بەم خاڵە دەبەین.

**سەرچاوە: انجمن ادبی قند**

# چاویلکه

## قودسی قازی نوور

هەر کە دەرگاکەم کردەوە زانیم لە چ حاڵێکدایە، کە دانیشت لێم پرسی: شتێکت ونکردووە؟

گوتی: نا

گوتم: کەواتە بێگومان لە جێگایەکدا بەجێتهێشتووە، لەوانەیشە یەکێك لێتی دزیبێت، دزانی زەردەخەنە دڵڕەقترین مرۆڤی سەرزەمینن.

سەرێکی لەقاندو گوتی:

- ئەو بەستەزمانە بێ گوناهترینیان بوو.

گوتم: ئەدی بۆچی زەردەخەی لێ دزیویت؟

دەموچاوی خۆی تێکناو تەوێڵی خۆی گوشیو گوتی:

- ئەمڕۆ کچێك هاتبوو چاویلکە بکڕێت، تەماشای چاویم کرد، هەموو ژمارەکانم تاقی کردەوە، پێویستیی بەهیچ چاویلکەیەك نەبوو، پێم گوت: تۆ پێویستیت بە چاویلکە نییە، تووڕە بوو و گوتی: من دەبێ چاویلکە وەربگرم، گوتم ئەگەر چاوت ماندووە گێزەر بخۆ، هاواری کردو گوتی: دکتۆر ئێوە تێناگەن من دەبێ چاویلکەم هەبێت.

ئەمەی گوتو دەستی کرد بە هەڵلەرزین، ڕەنگی بە تەواوی زەردهەڵگەڕا، من کە زۆر تۆقیبووم، هەوڵم دا هێوری بکەمەوەو گوتم: ئاخر بۆچی ئەوەندە مکوڕی لەسەر لەچاوکردنی چاویلکە؟ گوتی: هەر ئەمڕۆ تێگەیشتم چەندە پێویستیم بە چاویلکەیە، گوتم چۆن؟ گوتی: چونکە کاتێك لە فرۆشگایەکدا خەریکی کڕینی شتومەك بووم، لە پڕێکا لەناو باخی بەرامبەر فرۆشگاکە بینیم، لەسەر کورسییەك دانیشتبوو و کتێبی دەخوێندەوە، سەر بازووەکانیو دەوروبەریشی پڕ بوون لە باڵندە، بەڵام بێ ئەوەی تەماشای باڵندەکان بکات، سەری خستبووە سەر کتێبەکە، یەکسەر چوومە دەرەوە، بەڵام ڕۆیشتبوو، ماوەیەك لەسەر هەمان کورسی دانیشتم، لە کاتێکدا کە نوقمی بیرکردنەوە بوو بووم، هاتەوە یادم چەند ڕۆژێك پێشتریش کاتێ لە پشت جامخانەی کتێبفرۆشیدا تەماشای کتێبانم دەکرد، بینیم لەناو کتێبفرۆشییەکەدا خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبێکە، یەکسەر چوومەژوورەوە، لە کتێبفرۆشەکەم پرسی: ئەو پیاوەی تازە خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبێك بوو بۆ کوێ چوو؟



فرۆشیارەکە گوتی: جگە لەمن کەس لێرە نەبووە، گوتم: تکا دەکەم پێم بڵێ، بۆ کوێ چوو؟ دەستم بەگریان کرد، کتێبفرۆشەکە بە خەمبارییەوە سەری لەقاند.

چەندینو چەندین جار لە پشت جامخانەی فرۆشگاکان، لە شەقام، لە باخچە، لەناو خەڵکیدا بینیم، بەڵام هەمیشە ونی دەکەم، دایکی ڕاستی دەگوت. پرسیم: مەگەر چی دەگوت؟ وەڵامی دایەوە: ڕۆژێکیان لە جێگایەك کە پڕ لە خەڵکی ڕەشپۆش بوو، دایکی دەگریاو دەیگوت:

- تا ئەو کاتەی کە هەبووی لە پشت شووشەکانەوە بووی، هەمیشە حەزم دەکرد لە باوەشت بگرمو سەرت بخەمەسەر کۆشم وەك منداڵیت، ئەو کاتەی کە لە شتێك دەترسای، بەڵام هەمیشە دەنگتم لە تەلیفۆنەوە بیستو بەسەر شووشەکانەوە دەستم بەدەستەکاندا هێناوە، چارەنووسی تۆ لە پشت شووشەکانەوە بوو، دایکی ڕاستی دەگوت ئەو تەنها لە پشت شووشەکانەوە دەبینرێ، ئێستا تێگەیشتی دکتۆر بۆچی پێویستیم بە چاویلکەیە، ئەوکاتە هەمیشە دەتوانم ببیینم، ئیتر ونی ناکەم.

چاوم بڕییە سەرو سیمای مێردەکەم، دەتگوت گێژ بووە، دەستەکانی کە دەلەزرین خستمنە ناو دەستەکانم، وەك بەفر وابوون، چوومە ناندینەکە دوو پیاڵەی گەورە چایم تێکرد، لە پەنجەرەوە تەماشای دەرەوەم کرد، پیاوێك لەسەر کورسیی ناو باخەکە ڕووبەڕووم دانیشتبوو، پەنجەرەم کردەوە، پیاوەکە بەهێمنییەوە هەڵساو ڕۆیشت، تا ئەوکاتەی دوورکەوتەوە تەماشایم کرد، چایم هەڵگرتو چوومە ژوورەوە، چایەکەم لە پێشی دانا، پیاڵەی خستە ناو دەستەکانی، وام هەست دەکرد خوێن لەدەمارەکانی مەیبێت، فرێکی لە چایەکەداو ڕووی تێکردم: (ئەگەر تۆ بوویتایە چیت دەکرد) گوتم: چاویلکەم دەدایە، بۆچی دەبووایە ئەم شادومانییەی لێ بسەنم، من ناتوانم دنیا بگۆڕم، بەڵام دەتوانم کەسێك دڵ خۆش بکەم تابتوانێ لەگەڵ ئەو پیاوەی کە خۆشی دەوێ لەناو باخێکدا دانیشێتو سەری بخاتە سەرشانیو دەست بە سەروقژیدا بهێنێ، کێ دەزانێ چ شتێك ڕاستەقینەترین شادمانیی مرۆڤەکانە، ئەو هەقیقەتەی کە ون دەبێت، یان خەیاڵێك کە هەمیشە هەیە!.

زەردەخەنەیەکی کرد، دیسان ڕوخساری بووەوە هەمان ئەو ڕوخسارەی کە من عاشقیم، سەرم خستە سەرشانی، لەکاتێك دەستی بە سەروقژمدا دەهێنا گوتی: چاویلکەم پێیدا.

**سەرچاوە:**

**قدسی قاضی نور، خال گل سرخ، تهران ١٣٨١.**

# دواین وانه

## ئالفۆنس دودیٚ

بەیانیی ئەورۆژە بۆ چوونە قوتابخانە زۆر درەنگ داهاتبوو، بۆیە من لەوە ترسام جەنابی هامل سەرکۆنەم بکات. ئەورۆژە تاقیکردنەوەمان هەبوو منیش هیچم نەدەزانی. بیرم لەوەکردەوە کە نەچمە قوتابخانە.

رۆژێکی گەرم بوو، هێزەکانی داگیرکەر لە کێڵگەیەکی ئەو ناوەدا خەریکی خۆڕاهێنان بوون، هەرچۆنێك بیٚ بەپەلە بەرەو قوتابخانە رامکرد، کە گەیشتمە گۆڕپانەکەی شار ژمارەیەك خەڵکم بینی، بە نووسراوەکانی دەستیانەوە بەملاو بەولادا دەڕۆیشتن ، ئەمە جێگایەك بوو کە هەواڵەکانی جەنگی تێدا باس دەکرا، لە دڵی خۆمدا گوتم: دەبیٚ ئەمجارە چ شتێك رووی دابێت؟

کاتێك کە گەیشتمە قوتابخانە هەناسەبڕکێم پێکەوتبوو، سەرەتای وانەکە بوو، بیرم لەوە کردەوە کە رەنگە بتوانم لەکاتێکا کە پۆلەکە هێمن نەبۆتەوە ، بیٚ ئەوەی مامۆستا ئاگای لێبێت بچمە ژوورەوە، بەڵام بەپێچەوانەی هەمموو کاتێك دەتگوت هەمموو شوێنێك لە بێدەنگیدا نقووم بووە، ناچاربووم دەرگاکە بکەمەوەو بچمە ژوورەوە، بەڵام زۆرسەیر بوو کە جەنابی هامل بیٚ ئەوەی هیچ توڕەییەك بە روخساریەوە دیاربێت بە نەرمیەوە گوتی: خێرا لە جێگای خۆت دانیشە ئەوەندەی نەمابوو کە بیٚ تۆ دەست بە وانەکە بکەین.

هەمموو شتێك سەرسوڕهێنەر بوو، جەنابی هامل چاکێتە سەوزەکەی پۆشیبوو، کە تەنها لەرۆژانی تایبەتدا ئەو چاکێتەی دەکردەبەر.



هاوپۆلەکانم خەمبار بوون و من ئەو کاتە زیاتر سەرم سوڕما کە چاوم بە کورسییەکانی دواوەی پۆلەکە کەوت، ئەو رۆژە پڕبوو لە دێهاتییانی خەمبارو پەشۆکاو.

جەنابی هامل بە میهرەبانییەوە گوتی: رۆڵەکانم من ئەمڕۆ دواین رۆژە کە وانەتان پیٚ دەڵێم لە بەرلینەوە بڕیار هاتووە کە لەمڕۆ بەدواوە دەبیٚ قوتابخانەکان تەنها بە زمانی ئەڵمانی وانە بڵێنەوە، ئەمڕۆ ئێوە بۆ دواین جار بە زمانی دایکی خۆتان، واتە زمانی فەرەنسی وانە دەخوێنن.

واتە ئەمە دواین وانە بوو بە زمانی دایك و من هێشتا نەمدەتوانی بەچاکی بنووسم وبخوێنمەوە. هەستم بە پەشیمانی دەکرد کە بۆچی تا ئێستا لە جیاتی فێربوونی زمان بەدوای رابواردنەوە بووم، ئەو کتێبانەم لا خۆشەویست بوون کە پێشتر بێزاریان دەکردم. لەداخی ئەوەی کە چیتر جەنابی هامل نابینم، هەمموو ئەو لێدانانەی ئەوم لەبیرکرد کە بە راستە لێیدەدام.

کەواتە ئەوبەبۆنەی دواین وانەوە جلوبەرگی تایبەتی پۆشیبوو وهاتنی دێهاتییەکانیش بەهۆی پەشیمانییان بوو لەوەی کە پێشتر ئەو ئەرکەیان نەکێشاوە کە بەشداری لە وانەکاندا بکەن وخوێندنەوەو نووسینی زمانی دایکیان فێر بن.

---

**(ئالفۆنس دودیٚ) نووسەری فەرەنسی لەساڵی ١٨٤٠لەدایك بووە، بە نووسینی چیرۆکی کورت بەناوبانگەو چیرۆکی (دواین وانە)لە ناودارترین کارەکانی ئەوە کە حاڵەتی دەروونیی منداڵێك دەخاتەروو کە هەستی بە گرنگی زمانی دایکی خۆی و بەها کەلتووریەکانی نیشتمانی خۆی نەکردووەو داگیرکردنی وڵاتەکەی لە خەوی بێئاگایی وریای دەکاتەوە.ئالفۆنس دودیٚ لە ساڵی ١٨٩٧دا کۆچی دوایی کردووە.**

# چاوە ڕەشەکانی کۆتر

## نوشین غەریب دوست

دڵۆپە درشتەکانی ئارەقە روخساری تەڕکرد، دەتگوت تازە دەموچاوی خۆی شوشتووە، پێڵووەکانی داخستو هەوڵیدا بیر لە هیچ شتێك نەکاتەوە، بەڵام دووبارە هەمان دیمەن لەبەر چاوانی بوو، ژنەکە بە ئارامییەوە لە تەنیشتی خەوتبوو، حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو گوێ لەدەنگی رێكوپێكو ئاسوودەی هەناسەی بگرێت، هەڵساو چووە ژووری چێشتلێنانەکە پەرداخی ئاوخواردنەوەکەی لە تەنیشت چەقۆکە هەڵگرت، خستیە بەر بەلووعەکەو پڕیکرد لە ئاو، تەواوی پەرداخە ئاوەکەی هەڵداو لە شوێنی خۆی داینایەوە، بێئەوەی تەماشای چەقۆکە بکات گەڕایەوە ژووری خەوتنو لە تەنیشت ژنەکە راکشایەوە، کە پێڵووەکانی داخست دووبارە هەمان دیمەن لەبەر چاوانی بووو دەنگی رێكوپێکی هەناسەی ژنەکەشی دەهاتە بەر گوێ، چاوەکانی کردەوە، سنگی ژنەکە نەرمو هێمن بەرزو نزم دەبۆوە، دنیا گەرم داهاتبوو، هەڵساو لەبەردەم ئاوێنەکە دانیشت، هێڵێکی سوور بەنێو سپێنەی چاوەکانیا هاتبوو، دیسان دەموچاوی تەڕبوو، پێڵووەکانی داخستو دیسان هەمان دیمەنو دەنگی هەناسەی ئارامی ژنەکە بوو، هەڵسا چووە ژووری چێشتلێنانو پەرداخەکەی هەڵگرتو دیسان لەجێگەی خۆی دانایەوە، چەقۆ بە دەسکی رەشەوە لەتەك پەرداخەکە بوو، هەڵیگرتو گەڕایەوە ژووری خەوتن، لەسەر چارپاکە لەتەك ژنەکە راکشاو پێڵووەکانی داخست...

* * *



ژنەکە گڵۆپی نوستنەکەی داگیرساند، تیشکێکی سوور مێزو چارپاو ئاوێنەکەی رووناککردەوە، بەدەم داخستنی دەرگاکەوە گوتی: (زوو بخەوە) کە دەرگاکەی لەسەر داخرا کوڕەکە هەڵساو بە ئەسپایی چووە تەنیشت دۆڵابی جلوبەرگەکانیو دەرگای دۆڵابەکەی کردەوە، دەستی درێژکردو بە ئەسپاییەوە بوونەوەرێکی سپیو بچکۆلەی هێنایە دەرەوە، چاوەکانی لە خۆشیا دەدرەوشایەوە، دەرگای دۆڵابەکەی داخست، لەسەر چارپاکە دانیشتو دەستی بەسەر تووکە سپیو هاوسانەکانی کۆترەکە داهێنا، کۆترە سپییەکە باڵەکانی جولاندو سەری رالەقاندو چاوە رەشەکانی بڕییە چاوە شینەکانی کوڕیژگەکە، کوڕیژگەکە دانەویەوەو چەند جارێك سەری کۆترەکەی ماچکرد، دیسان دەستی بەسەریدا هێنایەوە، دواتر کۆترەکەی لەسەر چارپاکە داناو کیسەیەکی پڕ لە دانی لە ناو چەکمەجای مێزێکی تەنیشت چارپاکە دەرهێناو لەبەردەم کۆترەکەی دانا، کۆترەکە هەر دەیخواردو دەیخوارد، کوڕیژگەکەش چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت، سەری بردە بنگوێی کۆترەکەو گوتی: (خێرا بخۆ بچکۆلە، ئاخر ئەگەر ئەمجارە دایە بێتو بتبینێ ئیتر نازانم چی بڵێم! دەزانی چەند رقی لێتە! نازانم بۆچی، بەڵام تا ئێستا سەدجار ئەمەی گوتووە...

دەنگی ئەو هەنگاوانەی کە نزیك دەبوونەوە کوڕیژگەکەی بێدەنگکرد، کیسەی دانەکەی بە خێرایی بردەوە شوێنی خۆی، لەسەر چارپاکە راکشاو لێفەکەی راکێشایەوە سەر سەری خۆی، کۆترەکە لەژێر لێفەکەو لە تەنیشت سنگیەوە بە تونديو پەشۆکاوییەوە هەڵبەزو دابەزی بووو دەجولایەوە، دەسکی دەرگاکە سووڕا، لێدانی دڵی کوڕیژگەکە وەك جوولەی سنگی کۆترەکە توندبوو، دەستی خستە سەر کۆترەکە، سێبەرێکی تۆخ کەوتە سەر لێفەکە، کوڕیژگەکە بە وردی ئاگادارییی لێفەکەی دەکرد، ژنەکە لێفەکەی راکێشا، هێڵێکی سوور بە سپێنەی چاوەکان داهاتبوو، ژنەکە هاواری کرد: (پێمگوتبووی ئەگەر یەك جاری دیکە، تەنها یەك جاری دیکە بیبینم چی دەکەم، پێمگوتبووی!) کوڕیژگەکەوتە پاڕانەوە: (توخوا دایە، بەڵێن دەدەم دوایین جارم بێت، بەڵێن دەدەم چیتر نەیهێنمەماڵەوە، دایە توخوا.)

ژنەکە کوڕەکەی پەلکێش کردو بردییە ژووری چێشتلێنان، چەقۆکەی هەڵگرتو دایە کوڕەکە، کوڕەکە گوتی: (ئێستا دەبێ چی بەم چەقۆیە بکەم؟) ژنە کوڕیژگەکەی

پەلکێشکرد: (پێتدەڵێم، وەرە ئێرە) چوونە ژووری کوڕیژگەکە، کۆترەکە بەسەر لێفە سپییەکەدا دەڕۆیشت. ژنە گوتی خۆت ناچارت کردم، ئێستا بۆئەوەی چیتر لە یادت نەچێ بەلێنی خۆت بگەیەنیتە سەرو من تێبگەم کە تۆ کوڕێکی باشو گوێڕایەلێیتو دایکی خۆت زیاتر لەم ئاژەڵە پیسانە بەلاوە گرنگە، تۆ خۆت کارەکە جێبەجێ دەکەیت...)

کوڕیژگەکە چاوەکانی بڕیبووە کۆترەکە: (دایە دەزانم گاڵتە دەکەی، با لێیگەڕێین بڕوات، ئێستا دەیبەمە کۆلانو بەرەڵلای دەکەم بڕوات، ئێ،دایە، ئێ؟)

ژنەکە دووبارەی کردەوە: (خۆت ناچارت کردم، خۆت ناچارت کردم، خێراکە، هەر ئێستا، ئەگینا تۆم خۆشناوێتو ئیتر کوڕی من نیت، تێگەیشتی؟ تێگەیشتی بێ عەقل؟ تێگەیشتی یان نا؟!)

چەقۆکە لە دەستی کوڕیژگەکەدا دەلەرزی، چاوەکانی ژنەکە پڕببوو لەهێڵی سوورو دەنگی بەرزو بەرزتر دەبوو: (خێراکە، خێراکە) کوڕیژگەکە بە لەرزە لەرزەوە چووە پێشو تەماشای کۆترەکەی کرد کە بەسەر لێفەکەدا دەڕۆیشت، چەقۆکەی لەنێو دەستیا گوشیو لەو ملە باریکەی نزیک کردەوە کە چەندین جار ماچی کردبوو...

دلۆپە درشتەکانی ئارەقە روخساری تەڕکرد، دەتگوت تازە دەموچاوی خۆی شووشتووە، پێڵووەکانی داخستو هەوڵیدا بیر لە هیچ شتێك نەکاتەوە، بەلام دووبارە هەمان دیمەن لەبەر چاوانی بوو، ژنەکە بە ئارامییەوە لە تەنیشتی خەوتبوو، حەوسەڵەی ئەوەی نەبوو گوێ لەدەنگی رێكوپێكو ئاسوودەی هەناسەی بگرێت.

**سەرچاوە:**
**نافە، ژمارە٢٣-٢٤ ساڵی دووەم**

# بێگانه

## فرانسیس ئەستیگمۆلەر★

کە لە سینەما هاتمە دەرەوە, ئەگەر باران نەبوایە بە پیادە بۆ ماڵەوە دەرۆیشتم, ئەپارتمانەکەم هەر لەو دەوروبەرە بوو, لەڕاستیدا تا ئەوێ ڕێگایەك نەبوو, تەنها ڕێڕەوێکی پێچاوپێچی هەبوو, ڕاست بەرەوخوار پارکە, دواتر چوارڕیانی دووەم, چوارڕیانی سێیەم دەستە ڕاست, شەقامی گرنل, لای گەڕەکە نیوە چلەکان, بەڵام لەبەر ئەوەی باران دەباری تاکسیەکم گرت, هەرکە لەناو تاکسیەکە دانیشتم سەرنجی شوفێرەکەیم دا, پیرەمێردێکی سوورە بوو, زۆر توڕەو توند, شوفێرەکە کە گەیشتە شەقامی یەکەم, واتە سن دومینگ پێچی کردەوە و هاوارمکرد: (نا, نا, دوو چوارڕیان لەولاوەتر)

مڕەمڕێکی کرد و دیسان بۆ ناو پارکەکە گەڕایەوە, بە چاو تروکاندنێك گەیشتە چوارڕیانی چوارەم, واتە (لاکاس) و دیسان پێچی کردەوە, دیسان هاوارمکرد (شەقامەکەی دیکە! ماڵم لە شەقامەکەی دیکەیە! شەقامی گرنل) شوفێرەکە بە بیستنی ئەم قسەیە گەڕایەوەو بە هەرەشەیەکەوە تەماشایەکی کردم, دواتر پێی لە گازی ئۆتۆمبیلەکەی ناو دیسان گەڕایەوە ناوپارکەکەو بەهیچ جۆرێك نەچووە ئەو شەقامەی کە من مەبەستم بوو, لەکاتێکا کە بە خێراییەوە بەرەو لای خوارەوەی پارکەکە لێیدەخوڕی, هاوارمکرد (ئەو شەقامەی کە جێتهێشت, پێمگوتی کە بە دەستە راستدا پێچ بکەیتەوە, بێزەحمەت بگەڕێوەو بچۆ شەقامی گرنل ژمارە (٣٦). دەنگی پڕخە پڕخ ئاسای پیرەمێرد ترساندمی, ئوتومبێل بەسەر بەردڕێژە خزەکەی شەقامەکەدا بە خێرایی سوڕایەوە, پیرەمێرد خێرایی ئۆتۆمبێلەکەی کەمکردەوەو چووە ئەوبەری پارکەکەو لە قولینچکی شەقامی گرنلێ بە ستۆپێکی توند ئوتومبێلەکەی راگرتو بە تووڕەییەك کە زیاتر لە نەعرەتە دەچوو، گوتی: (دابەزە) ڕوخساری لە توڕەییدا گڕی



گرتبوو, (یاڵلا لە ئوتومبێلەکەم دابەزە, لەعنەت لە باوکم ئەگەر جارێکیتر سوارت بکەم, سێ جاران دەبەنگانە ڕەفتارت لەگەڵ کردمو سێ جاران بە جۆرێکی خراپ سوکایەتیت پێ کردم, دەبوایە پێتم بگوتایە کە ئەم ئوتومبێلە جێگای بێگانەکان نیە, یاڵلا چۆلی کە!).

زۆر بە توڕەییەوە هاوارمکرد(بەم بارانە؟) دواتر بە ڕوویەکی کەمێك خۆشەوە گوتم: (لە ڕاستیدا گوناهێکم نەکردووە, جەناب, چ جای سێ جار, خۆت چاك دەزانی کە هیچ کارێکی خراپم نەکردوە, تەنها پێم لەسەر ئەوە داگرتووە کە بمگەیەنیتە ماڵەوە, ئێستاش لوتفت هەبێ و بمگەیەنە, بەخشیشێکی باشت پێ دەدەم و ئەو کاتە ئێوە بەخێر و ئێمەش سەلامەت).

پیرەمێرد تەنها چاوەڕوانی ئەوە بوو کە قسەکانم تەواو ببێت, دواتر بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:(دابەزە, یاڵلا دابەزە, ئەوەی گوتت, گوتت, پێمگوتی دەبێ دابەزیت!)

تەماشایەکی بارانم کرد و گوتم: (بە هیچ جۆرێك دانابەزم).

توڕەیی شوفێرەکە لە ڕوخساریدا نیشتەوە و بە دەنگێکی توند و توڕەوە گوتی: (یان لە ئۆتۆمبێلەکەم دەچیتە دەرەوە, یا دەتبەمە بنکەی پۆلیس و بەهۆی ئەو سوکایەتیانەی کە پێت کردوم, داوای قەرەبوو دەکەم, جا کەیفی خۆتە!)

لە وەلامدا گوتم: (لەمەیاندا سەرپشك بم؟! با بڕۆین بۆ بنکەی پۆلیس)و ڕۆیشتین بۆ ئەوێ.

بنکەی پۆلیس کە تەنها چەند باڵەخانەیەك لەولاوەتری ماڵەکەم بوو, بە لامەوە جێگایەکی ئاشنا بوو, پێشتر چەند جارێك بۆ سکالاو دادوەری چووبوومە ئەوێ, هەر کە من و شوفێرەکە شانبەشانی یەکتر چووینە ژوورێکی چۆلەوە, قۆمیسەر کە تەنها و بێکار لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو, بە گەرمی لە ئەحواڵمی پرسی ولەکاتێکدا کە ناوە بچوککراوەکەمی هێنا, گوتی: (ئێوارەت باش جەناب, دەتوانم چ کارێکت بۆ بکەم؟ ئەمر بفەرموون).

بەلام پیرەمێرد, کە قۆمیسەر بە زەحمەتەوە تەنها سەرێکی بۆ لەقاند, ماوەی نەدا من قسەبکەم و بە دەنگێکی بەرز گوتی: (من سکالام هەیە! من دەمەوێ سکالا لە دژی ئەم

بێگانەیە تۆمار بکەم, سێ جاران زۆر دەبەنگانە ڕەفتاری لەگەڵ کردم, جەناب! سێ جاران زۆر خراپ سوکایەتیی پێ کردم, دەبێ من مافی خۆم وەربگرم جەناب!)..

قۆمیسەر لە پیرەمێرد مۆڕبوویەوە, هیچ هەستێك لە روخساری قۆمیسەردا نەبوو, هەستمکرد کە قۆمیسەریش وەك من سەری لە هەڵسوکەوتی پیرەمێرد سوڕماوە, ئەوسا ڕووی لەمن کردو داوای لێکردم کە بفەرمووم بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕمەوە, خۆیشی دەستی دایە قەڵەمێك و دەفتەرێکی گەورەی کردەوە, هەرچی من گوتم هەر هەمووی بە هێمنییەوە نووسی: دەست هەڵبڕین بۆ شوفێر, دوو جارپێچ کردنەوەی بە هەڵە, هاتو هاوارەکان, تێپەڕین لەو شەقامەی کە مەبەستم بوو, توڕەبوونی شوفێر و دوا جار هەڕەشەکانی بۆ من, قۆمیسەر هەموو ئەوانەی بە تەواوی نووسی و ئەویش بە شێوەیەك کە فەرەنساییەکان پێی دەڵێن (شێوەی سپێنسەری**) یەك دوو جار قسەکانی پێ بڕیم تا بە شوفێرەکە بڵێ بێدەنگ بێت, شوفێرەکە لەتەنیشتمەوە بوو, بەردەوام لە میانەی قسەکانمەوە بۆڵە بۆڵی دەکرد, کەقسەکانم تەواو بوو, قۆمیسەر ساتێك لەسەر نووسین بەردەوام بوو و دواتر بە کردنەوەی کەوانەیەکی سەیر لە کۆتایی دەقەکەدا و وشککردنەوەی دواین دێر دەستی لە نووسین هەڵگرت و سوپاسی کردم, دواتر ڕووی لە شوفێرەکە کرد و بە شێوەزارێکی توندەوە پێی گوت:(ئێستا نۆرەی تۆیە کە ڕووداوەکە بگێڕیتەوە تا دواتر بزانم کە پێویست بە چ بڕیارێك دەکات)

بەڵام پیرەمێرد تەنانەت یەك وشەشی نەگوت تەنها شتێك کە بە ئاماژە کردن بۆ قۆمیسەر و چاو سوورکردنەوە لە من, بە دەنگێکی نوساو و زاڵەوە گوتی ئەوە بوو(سێ جار!) دوای کەمێکیش بە قۆمیسەری گوت: (سێ جار جەناب! سێ جار زۆر دەبەنگانە ڕەفتاری لەگەڵدا کردم! سێ جار خراپ سوکایەتیی پێکردم! ئا ئەم بێگانەیە! نەدەبوایە ئاوا ڕەفتار بکات, جەناب!)

قۆمیسەر زۆر بە تووڕەییەوە سەری لەسەر ئەو دەفتەرە هەڵگرت کە تاوانە تۆمار کراوەکانی تێدا تاوتووێ دەکرد و بە نیگایەکی پڕ لە پۆزشەوە گوتی:(باشە, ڕەوتی ڕووداوەکان چۆن بوو, باسی بکە, ئەگەر ئەو شتانەی ئەم بەڕێزە گوتی نادروستە تۆ ڕاستییەکەی بڵێ).



بەڵام دیسان تەنها قسەیەك کە شکایەت کارەکەم هەیبوو ئەوە بوو: (سێ جار) قۆمیسەر قەڵەمەکەی دانایە سەر مێزەکە و بە دەنگێکی یەکلاکەرانەوە پێی گوتم: (باشە بەڕێز, زۆر ئاشکرایە کە لەم سکالاّیەدا تۆ لەسەر هەقی, منیش خۆشحاڵم کە دەتوانم بڕیارەکە ڕابگەیەنم و داوا لەم بەڕێزە بکەم کە بە خۆڕایی بتانگەیەنێتە ماڵەوە, ئێستاش ڕێگا بدەن تەماشایەکی بەڵگەنامەکەتان بکەم, بێگومان ئەمەش کارێکی ڕۆتینی ئەم جۆرە سکالاّیانەیەو تا ئەم سکالاّیە بێ گرفت کۆتایی پێ بێنم, تکایە ناسنامەکەتان بەڕێز).

دڵم وەك سیر و سرکە بەجارێ دەستی بە کولاّن کرد, مێزی نووسینی ژووری خوێندنەوەم هاتەوە یاد کە ناسنامەکەم لە سەری بوو, لە یادم چووبوو هەڵیبگرم, بەپێی یاساکانی فەڕەنسا هەڵگرتنی ناسنامە لە هەموو کاتێکدا بۆ ئەو بیانییانەی کە لەوێدا نیشتەجێن ئیلزامییە و تاکە شتێك کە خێرا بە بیرم داهات بیڵێم ئەوە بوو: (چونکە باران بەخوڕ دەباری بەڕێز, ناسنامەکەم هەڵنەگرت نەوەکا تەڕ ببێ و تێك بچێ, بەیانی زوو بەکاوەخۆ دەیهێنمە خزمەتتان بەڕێز, هیوا دارم ڕێك وەك بڕیارەکانی ئێوە کە دەزانم زۆر بنبڕ و بێ ئەملا و ئەولان, قەبووڵتان بێ).

بەڵام من کارێکم کردبوو کە لێبووردنی نەبوو, بۆیە وەزعم بە تەواوی گۆڕا, قۆمیسەر دواین جار بە ڕووی گرژ و ڕوخسارێکی ڕەق و تەقەوە گوتی: (ئەم کارە پێچەوانەی ڕەوتی کارەکانمانە, ڕاستە کە بەیانی ناسنامەکەتان دێنن بەڵام بە پێی ئەو بار و دۆخەی کە ئێستا لەئارادایە, من ناچارم ئەم بڕیارە سەبارەت بەم سکالاّیە بگۆڕم,لە دەرەوە باران دەبارێ, داوا لەم بەڕێزە دەکەم کە بتانگەیەنێتە ماڵەوە, بەڵام داوا لە ئێوەش دەکەم کە کرێکەی ئەوان بەلەبەرچاو گرتنی هەموو ئەو ڕێگایەی کە بڕیوتانە, سەرەڕای حسێب کردنی هەموو ئەو ماوەیەی کە بۆ ئامادە بوون لەم بنکەیەدا بەسەر چوو, قەرەبووی بکەنەوە)

دواتر ڕووی لە پیرەمێردەکە کرد و گوتی: (بەڕێز, تاکسیمەترەکەتان پێکردبوو, وانیە؟!)

شوفێر بە نیشانەی بەڵێ سەری لەقاند, قۆمیسەریش لە جێگای خۆی هەڵساو بێ ئەوەی زەردەخەنەیەك بكات گوتی: (كەواتە بەڕێزان خواحافیزتان بێ, هەروەها بەڕێزیشت بەیانی زوو لە یادت نەچێ)

ئێمە شانبەشانی یەكتر وەك چۆن هاتبووینە ژوورەوە ئاوا چووینە دەرەوە, هەستمكرد بە گۆڕینی بڕیارەكەی قۆمیسەر چاوەكانی خاوەن سكالاْ گەشاوەتەوە, بەلاّم جگە لەمە هیچ نیشانەیەكی دیكەی سەركەوتن لە ڕوخساری نەدەبینرا, لە ڕاستیدا بچووكترین كاردانەوەی نیشان نەدا, بێ ئەوەی یەك وشەی لە دەم بێتە دەرەوە منی گەیاندەوە ماڵەوە, تەنها ئەو كاتەی كە گەیشتمە شوێنی مەبەست و كرێیەكەم بە تەواوی دایە هاتە قسە و گوتی: (بێگومان بەڕێز قسەی خۆتان لەبیر چۆتەوە دەربارەی بەخشیشە باشەكە, تا دواتر ئێمە بەخێر چین و ئێوەش بەسەلامەت)

---

*** فرانسیس ئەستیگمۆلەر, لە ساڵی ١٩٠٦لەدایك بووە, نووسەر و ڕەخنەگر و یادداشتنامەنووسی ئەمریكایی, چەندین ڕۆمان و چیرۆكی پۆلیسی و كۆمیدیی بە شێوازی جۆراوجۆر لەژێر ناوی خوازراودا بلاّوكردۆتەوە,لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر ناوبانگی بەهۆی وەرگێڕانی كارە زۆر وردەكانێتی كە لە ئەدەبیاتی فەرەنساییەوە ئەنجامی داون, لەوانە فلۆپیر و مەدام بۆڤاری (١٩٣٩) مۆپاسان(١٩٤٩) كۆكتۆ(١٩٧٠) هەروەها ئەستیگمۆلەر گوڵچنێك لە نامەكانی فلۆپیریشی لە دوو كۆمەڵدا یەكێكیان نامەكانی (١٨٣٠-١٨٥٧) لە ساڵی (١٩٨٠) دا و ئەوەی دیكەیان نامەكانی(١٨٥٧-١٨٨٠) لە ساڵی (١٩٨٣) وەرگێڕاوەو بلاّوی كردۆتەوە.**

**** سپێنسەری, شێوە نووسینێكی لێهاتوانەیە كە پلات ڕۆجەرز سپێبسەری ئەمریكایی دایهێنا.**

**سەرچاوە:**

**نافە، شمارە (٢٣-٢٤)ص(٢٨-٢٩) ترجمة: علی قاسم نژاد جامعی.**

# پێنج کورتیله چیرۆك

## وێستگەی پاس

### ئاندرۆ ئی هانت

- تکایە بلیتێك بۆ جەهەننەم
- بەداخەوە هەموو ئەو شەمەندەفەرانەی بەرەو باشوور دەڕۆن پێشتر پڕبووینە
- ئەمشەو هیچ شتێکی دیکە ناکەوێتەڕێ؟
- پاسێکمان هەیە بەئاراستەی پێچەوانە
- جێگای بەتاڵی هەیە؟
- زۆرە
- ئەو شوێنەی بۆی دەچێ دوورە؟
- نا، زۆر نا، بەڵام خراپ نییە کتێبێکی باش لەگەڵ خۆت ببەیت، بیستوومە لەم سەفەرەدا مرۆڤ زۆر هەست بە تەنیایی دەکات.

## گیتار

### جۆن ئێم دانیاڵ

ئەو هەرگیز من وەك گیتارەکەی لە ئامێز ناگرێت، چەندین ساڵە وەکچۆن گیتارەکەی دەلاوێنێتەوە، ئاوەها دەستی بەسەردا نەهێناوم.

ڕێگای خۆم بەرەو ناو گیتارەکەی دەدۆزمەوە، تاجارێکی دیکە شوێنی خۆم لە نێوان قۆڵەکانی ئەودا بکەمەوە.

ژنەکە بە درێژایی ڕۆژ خەریکی گۆڕینی شێوەو دەنگو هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی بوو، هەموو شتێك بۆ حەزی لە ئامێزگرتن، دواجار بە بێدەنگیو بە دزییەوە شوێنی خۆی لەناو گیتارەکە کردەوەو کەوتە چاوەڕوانییەوە.

-گیانەکەم هاتمەوە،گیتارێکی تازەم کڕیوە! گیانەکەم...؟

# بەدبەختی

## ئالان ئی مایەر

کاتێ لەخەو هەڵسام هەموو گیانم دێشاو دەزووڕایەوە، چاوەکانم هەڵێناو بینیم پەرستارێك لە تەك چارپاکەم راوەستاوە.

پێیگوتم:

-جەنابی فۆجیما، بەختێکی باشتان هەبوو، کە دوو رۆژ لەمەوبەر لە بۆمبارانەکەی هیرۆشیما سەلامەت دەرچوون، ئێستا لەم نەخۆشخانەیەدا ژیانتان پارێزراوە.

بە دەنگێکی کزەوە پرسیم:

-ئێستا لەکوێم؟

ژنەکە گوتی:

-ناکازاکی

# چاودێر

## ستیڤن ماكلیۆد

پیاوێكی وردیلە هاواری كرد:

-بەسەر گژوگیاكاندا مەڕۆ!

پیاوێكی كەتە لە وەڵامی ئەودا گوتی:

-خۆت گێل مەكە گژوگیاكان هەست بە هیچ شتێك ناكەن!

پیاوە وردیلەكە وەڵامی دایەوە:

-دەبێ چاودێرییان بكەین، گژوگیا جوانیمان پێدەبەخشن، بەڵام ناسكن

-پیاوە كەتەكە گوتی:

-بەهەرحاڵ

لە ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو و پەڕییەوە

ساڵانێك دواتر، هەردووكیان ئەم دنیایەیان جێهێشت، گـژوگیاكانی گۆڕسـتان، بـێ هیچ جیاوازییەك بەسەر گۆڕی هەردووكیانەوە سەوزبوون.

# چارەنووس

**جەی ریپ**

ئەو کاتەی سەعاتەکانی پێکەوەبوونمان، بوو بەهەڵچوونی تووڕەیی‌و هاوێشتنی شت‌ومەك، ئەمە تاکە رێگا بوو، پەنا بردن بۆ چارەنووس، شێر، زەماوەند دەکەین. خەت، بۆ هەمیشە لە یەکتر جیادەبینەوە.

پارە هەڵدرایە ئاسمان، سووڕایەوە، کەوتە سەر زەوی‌و ئەوەندە جوولایەوە تا لە بارێکدا شێری نیشانداو بێ جوولە وەستا.

ئەوەندە چاومان بڕییە پارەکە تا بە تەواوی لە جوولە کەوت.

دواتر هەردووکمان بە یەکدەنگ گوتمان:

- باشترە سێ جار تاقی بکەینەوەو هەرکامەی دووجار هات ئەویان هەڵبژێرین.

**سەرچاوە:**

**داستانهای ۵۵ کلمه‌ای، اسنتیوماس، برگردان گیتا گرکانی**

# ڕۆشنایی وەك ئاوە

## گابریل گارسیا مارکیز

کە کریسمس داهات, منداڵەکان دیسان داوای بەلەمی سەوڵداریان کرد, باوکیان گوتی: بەسەرچاو کە بۆ(کارتاجنا)گەڕاینەوە دەیکڕم.

(توتو) نۆ ساڵان بوو, (جۆیل)یش حەوت ساڵان بوو, لەوە زیاتر پێیان دادەگرت کە دایك و باوکیان بیریان بۆ دەچوو.

منداڵەکان بەیەك دەنگ گوتیان: نا, ئیلا و بیلا هەر ئێستا و لێرە دەمانەوێ. دایکیان گوتی: جا خۆ لێرە جگە لە ئاوی ئاوپڕژێن(دوش)ەکە هیچ ئاوێك نییە تا بەلەمی تێدا لێبخوڕن.

دایك و باوکەکە هەردوویان هەقیان بوو , ماڵەکەیان لە (کارتاجنا دو ئیندیاس)حەوشەیەکی هەبوو, بە لەنگەرگایەکی سەر کەنداوەوە, کە جێگای دوو بەلەمی گەورەی لێ دەبۆوە, لەلایەکی تریشەوە لێرە لە مەدرید هەموویان ترەنجابوونە نهۆمی پێنجەمی تەلاری ژمارە ٤٧ی (پاسە یو دولا کاستە لانا) بەلاّم لەگەڵ ئەمەشدا هیچیان نەیانتوانی بەسەر منداڵەکاندا زاڵ بن, چونکە بەڵێنیان پێدابوون ئەگەر لە قوتابخانەدا خەلاّتەکانی پۆل بەدەست بێنن بەلەمێکی تەواویان بۆ بکڕن, بە دەزگای گۆشەپێو و جەمسەربینەوە, بۆیە باوکیان هەموو شتێکی کڕی و نەشیدەتوانی سەبارەت بە چوونە ژێر باری باجی ئەمجۆرە بەڵێنانە هیچ شتێك بە ژنەکەی بڵێت, بەلەمێکی ئەلەمنیۆمی جوانی کڕی بەبنکەیەکەوە کە هێڵە ئاوگرەکەی پەراوێزیکی زێڕینی هەبوو.

لەسەر مێزی نانخواردنی نیوەڕۆ باوکە ڕایگەیاند: بەلەمەکە لە گەراجەکەیە, بەلاّم گرفتەکە لەوە دایە کە ناکرێ نە بە ئەسانسۆر (مصعد) سەربخرێت ونە بەهۆی پێپلیکانەکانەوە, لە گەراجیشدا جێگای پێویست نیە.



بەهەرحاڵ دوای نیوەڕۆی شەممەی دواتر, منداڵەکان هاوپۆلەکانی خۆیان بانگکرد تا یارمەتیان بدەن بۆئەوەی بەلەمەکە بەسەر پێپلیکانەکاندا سەر بخەن, ئەوانیش بەهەرجۆرێك بێت بەلەمەکەیان تا ژووری خزمەتکارەکە سەرخست.

باوکیان گوتی: پیرۆزتان بێت, بەلاّم چی لێدەکەن؟

منداڵەکان گوتیان: چی لێدەکەین؟ هیچ! ئێمە تەنها دەمانویست بەلەمەکە بهێنینە ئەم ژوورە, ئەوا هێنامان.

شەوی چوار شەممە, وەك هەمووشەوانێکی چوارشەممە, دایك و باوك بۆ سینەما ڕۆیشتن, منداڵەکان بوونە خاوەن و گەورەی ماڵ, دەرگا و پەنجەرەکانیان داخست, گڵۆپی داگیرساوی یەکێك لە چراخانەکانی ژووری دانیشتنیان شکاند, فوارەیەك لە تیشکی زێڕینی سازگار لە چەشنی ئاو, لەناو گڵۆپەکەوە سەرەوژێر بووەوە, منداڵەکان لێگەڕان تا بۆ بەرزایی نزیکەی مەترێك لەسەر زەوی ژوورەکە دابەزێت, لەوکاتەدا تەزووی کارەبایان بڕی, بەلەمەکەیان هێنا و لەناو دورگەکانی ماڵەوەدا, ئەوەندەی دڵیان حەزیکرد بەلەمیان لێخوڕی.

ئەم بەسەرهاتە ئەفسانەییە, بەرهەمی یادەوەرییە گەپجاڕییەکانی من بوو, لەکاتی بەشداریکردن لە سیمینارێك سەبارەت بە ڕێکخستنی کەلو پەلەکانی ماڵەوە, (توتو)لەمنی پرسی: ئەرێ بۆچی ڕۆشنایی تەنها بە ئاماژە دانێك بە سویچی کارەبا, ئاوەها بەردەوام دەبێ, ڕاستیەکەی من زاتی ئەوەم نەکرد لەمبارەیەوە ئەوەندە بیربکەمەوە.

وەلاّمم دایەوە:ڕۆشنایی وەك ئاو وایە, هەر کە شێرەکە بکەیتەوە, ئاوی لێ دێتە دەرەوە.ئەوە بوو بەهەمان شێوە, شەوانی چوارشەممە درێژەیان بە لێخوڕینی بەلەم دەدا و ئیتر فێرببوون چۆن دەزگای گۆشە پێو و جەمسەربین بەکار بێنن, تا ئەوکاتەی کە دایك و باوکیان لە سینەما دەگەڕانەوە و دەیانبینی کە منداڵەکانیان وەك فریشتە لەسەر زەوی ووشك لێی خەوتوون, چەند مانگێك تێپەڕی منداڵەکان حەزیان دەکرد بۆ شوێنێکی دوورتر سەفەر بکەن, داوای تەواوی کەلوپەلەکانی مەلەوانییان کرد, دەمامك, باڵی مەلە, کەپسولی ئۆکسجین و تفەنگە باهاوێژەکان.

باوكیان گوتی: بەلەمێكی سەوڵدار لە ژووری خزمەتكارەكەیە و بەكاری ناهێنن, ئەوەندە شەپڕێویش نییە, ئێستا دەتانەوێ كارەكە لە خراپیش خراپتر بكەن.

جۆیل گوتی: ئەی ئەگەر لە نیوەی ساڵدا خەڵاتی زێڕینی (گاردنیا)مان بەدەستهێنا ؟

دایكیان بە پەشۆكاویەوە گوتی: نا ئەمەشمان لێ سەروزیادە.

باوكیان سەركۆنەی ژنەكەی كرد سەبارەت بەوەی بۆچی ئەوەندە لەگەڵیاندا توندە. دایكیان گوتی: ئەم مندالآنە كاتێ وانە و خوێندنیان تەواو دەبێ بچوكترین زەحمەت نادەنە بەر خۆیان, بەڵام بۆ بەدەستهێنانی شتێك كە بیانەوێ, زەمین بە ئاسمانەوە دەدروون, ئەگەر مەبەستیانبێ دەتوانن كورسیی مامۆستاكەشیان بەدەست بێنن.

سەرەنجام دایكە و باوكە بێدەنگ بوون, بەڵام لە مانگی تەمووزدا (توتو)و(جۆیل) هەریەكەیان خەڵاتێكی زێڕینی(گاردنیا) و تابلۆیەكی ڕێزلێنانی بەڕێوەبەری قوتابخانەكەیان بەدەستهێنا, دوای نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ منداڵەكان بێ ئەوەی ورتەیان لێوەبێت, كەلوپەلەكانی مەلەوانییان, وەك چۆن لە ژووری نوستنیاندا هەڵیانگرتبوو, دەریانهێنا, ڕۆژی چوارشەممەی دواتر كە دایك و باوكیان بۆ سینەما ڕۆیشتن تا فیلمی (دوایین تانگۆی پاریس)ببینن, باڵەخانەكەیان بە قولآیی سێ مەتر پڕكرد و وەك كۆسەماسیی كەمۆكراو لە بەرزاییەوە بۆ ژێر كەلوپەلەكانی ناومال و قەرەوێڵەكاندا سەراوسەریان لێدەدا و لە قولآیی ڕۆشناییدا ئەو شتانەیان دۆزیەوە كە سالآنێكبوو لە تاریكیدا ون ببوون. لە ڕێوڕەسمی بەخشینی خەلآتەكانی كۆتایی ساڵدا, ئەم دوو برایە وەك قوتابیانی نموونەیی تەواوی قوتابخانەكە ستایشكران و نامەی ڕێزلێنان و ئافەرین كردنیان پێشكەش كردن, ئەمجارە ئیتر پێویست بەمە نەبوو خۆیان داوای شتێك بكەن, بۆیە دایك و باوكیان لێیانپرسین چیان دەوێت؟

منداڵەكانیش ئەوەندە ماقوولآنە تەنها داوایانكرد بۆ دڵخۆشی هاوپۆلەكانیان میوانداریییەك لە ماڵەوە ڕێكبخرێت, باوكیان كاتێ لە ماڵەوە لەگەڵ ژنەكەی بەتەنها بوو گوتی: ئەمە نیشانەی گەورە بوونیانە.



دایكیان گوتی: خوا بەدەمتدا بڕوانێ.

چوارشەممەی دواتر كاتێ باوكە و دایكە خەریكی تەماشاكردنی فیلمی (جەنگی دورگە)بوون, ئەو خەڵكانەی كە بەرامبەر(پاسەیو دولا كاستە لانا) تێدەپەرین, تەماشایانكرد تاڤگەیەكی ڕووناكی لە باڵەخانەیەكی كۆندا كە كەوتبوە پەنای درەختان, دەهاتەخوار, ڕووناكیەكە بەسەر بالكۆنەكاندا پەخشدە بوو, وەك لافاو بەسەر ڕووكاری باڵەخانەكەدا دەهاتەخوار و لافاوێكی زێڕین هەڵمەتی بۆ شەقامە سەرەكییەكە برد و تەواوی شاری (تاگوادراما)ی ڕووناك كردەوە.

ئاگركوژێنەوەكان بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەم بارە نائاساییە دەرگای نهۆمی پێنجەمیان شكاند و كردیانەوە.بینیان باڵەخانەكە تا بنمیچ پڕاوپڕە لە ڕۆشنایی, ئەو كورسی و مێزە ڕاحەتانەی كە بە پێستی پڵینگ ڕووپۆش كرابوون لەژووری دانیشتنەكەدا هەریەكەو لە ئاستێكدا مەلەیان دەكرد, كەلوپەلەكانی ماڵەوە لە كەشێكی زۆر ناسك و شیعرییانەدا بە باڵەكانی خۆیانەوە لە بەرزایی چێشتخانەكەدا, لەنێوان بوتڵە لە زەرد دروستكراوەكان و پیانۆیەكی گەورە كە ڕووكەشە مانیلاییەكەی وەك ماسییەكی تەزوو‌داری زێڕین تا نیوەی لە ئاودا نقووم ببوو, باڵیان گرتبوو, ئامێرە مۆسیقاییەكانی گرووپی مارشی مندالآن كەبۆ سەماكردن لێیاندەدا, لەنێوان ئەو ماسییە زیوییانەی كە لەدەست قژە دەستكردەكەی دایكیان دەربازیان بووبوو, تاكە بوونەوەری زیندوو و دڵخوشبوون كە لەم زۆنگاوەدا دەسووڕانەوە, فڵچەكانی ددانی ئەندامانی ماڵ و كۆندۆمەكانی باوك و قوتووی كرێمی دەموچاو و ژووری نوستنی دایك و باوكیان هێشتا هەر دوا فیلمی شەوی تایبەت بە گەورەكانی پەخش دەكرد.

(توتو)لەكۆتاییە سەرداپۆشراوەكەی بەلەمەكە دانیشتبوو, بەدوای فانۆسی دەریاییدا دەگەڕا و لەگەڵ ڕەوتی شەپۆڵەكان بەرەو پێش دەڕۆیشت و سەوڵەكانی بە توندییەوە گرتبووە دەست و ئەو دەمامكەی لە دەموچاوی خۆی كردبوو, ئەوەندە ئۆكسجینی تێدا ئەنبار كرابوو كە بتوانێت بە كەناری بگەیەنێت,(جۆیل)یش لەسەر لمووزی بەلەمەكە بە گۆشەپێوەكەوە هەر بەدوای ئەستێرەی باكووردا دەگەڕاو هەر سێ

وحەوت هاوپۆلەکەشیان کـە لـە گۆشـە و کـەنارەکانی ماڵـەوەدا مەلـەیان دەکـرد لـە ساتێکی جاویدانەی ئاو پرژێنکردنی گوڵدانەکاندا سـروودی قوتابخانـەیان دەگـوت, بـە جێگۆڕکێکردن بـە ووشـەکان بەرێوەبـەری قوتابخانەکـەیان دەخـستە مەلـەوە و پیاڵـە پیاڵەیان لە براندی باوکەوە دوور دەهاوێشت.

لەبەرئەوەی لە یەك کاتدا ئەوەندەیان گڵۆپ داگیرساندبوو کە لافاو لە ئاپارتمانەکەدا هەڵسابووو هەموو قوتابیـانی هـەردوو پـۆلی قوتابخانـەی سـەرەتایی (سـن ژولیـان)ی فریاگوزار لە نهۆمی پێنجەمی باڵەخانەی ژمارە ٤٧ی (پاسەیو دولاکاستە لانـا)تێیـدا نوقوم بووبوون, لە مەدرید, ئیسپانیا, هـەمان ئـەو شـارەی بـاوك و بـاپیران , وێـڕای هـاوینی گـەرم و سـڕە بـا سـاردەکانیەوە , کـە هـیچ ئۆقیـانووس یـان ڕوبـارێکی نییە,دانیشتوانەکەی کە بەدەست وشك و بێبارانییەوە گـەمارۆدراون و بـەهیچ جۆرێـك فێری لێخوڕینی بەلەم نەببوون لەسەر ڕۆشنایيدا.

**سەرچاوە:**

**دنیای سخن، ترجمە: صفدر تقی زادە**

# فیل

## ئەلیکساندەر کۆپرین

**(١)**

کیژۆڵەکە نەخۆش بوو، دکتۆر میخائیل پترۆڤیچ کە ماوەیەك بوو ئاشنایەتیی لەگەڵ کچەکەدا هەبوو، هەموو ڕۆژێك دەهاتە لای و هەندێ جار دوو دکتۆری نەناسیاویشی لەگەڵ خۆی دەهێنا، کچەکەیان لەسەر پشت و سك درێژ دەکردو گوێیان بە لەشییەوە دەناو هەستیان لە شتێك رادەگرت، پێڵووەکانی کچەکەیان دادەگرت و تەماشایان دەکرد هەڵسوکەوتیشیان زۆر دڵسۆزانە بوو و هەندێ جار زۆر بە ویقارەوە لموزیان هەڵدەبڕی و بە زمانێکی ئاڵۆز لەگەڵ یەکتر دەدوان.

دواتر ژووری کچەکەیان جێدەهێشت و دەچوونە ژووری میوانان، دایکی کچەکە لەوێدا چاوەڕوانیی دەکردن، دکتۆرێکی باڵا بەرزو ریش سپی کە چاویلکەیەکی زێڕینی لەچاو بوو، لە هەموویان گرنگتر بوو، ماوەیەکی زۆر بە هەڵسوکەوتێکی لێبوەشاوانەوە هەندێ شتی بە دایکی کچەکە دەگوت. دەرگای ژوورەکە کرابۆوەو کچەکە لەسەر نوێنەکەیەوە هەموو شتێکی دەبینیو دەبیست. لەزۆربەی قسەکانیان تێنەدەگەیشت، بەڵام دەیزانی باسی ئەو دەکەن، دایکی بە چاوانی گەورەو هیلاك و فرمێسکاوییەوە دەیڕوانییە دکتۆرەکە، جارێکیان لەکاتی خواحافیزیدا دکتۆرە ریش سپییەکە بە دەنگی بەرزەوە گوتی:

- لە هەموو شت گرنگتر ئەوەیە کە نەهێڵی دڵتەنگ بێت، نازی هەڵبگرەو هەرچیەکی دەیەوێ، ئەوە بکە.



- ئای، دکتۆر ئاخر ئەو هیچ شتێکی ناوێت!

- نازانم... بەبیر خۆتی بهێنەرەوە کە پێشتر، بەر لەوەی نەخۆش بکەوێت دڵی بە چ شتێك خۆش دەبوو، لە کەلوپەلی یاری کردن... لە شیرینی، گەڕان و سوڕان، خواردنی خۆش...

- نەخێر، نەخێر، دکتۆر ئەو هیچ شتێکی ناوێت...

- باشە، کەواتە هەوڵ بدە، بەلای کەمەوە پێویستییەکانی کات بەسەربردنی بۆ دابین بکەیت، تا بەهەر جۆرێك بێ هەست بە دڵخۆشی بکات... بەڵێنی شەرەف دەدەم ئەگەر بتوانی بیخەیتە پێکەنینەوەو شادومان و سەرگەرمی بکەیت، ئەمە دەبێتە باشترین دەرمان، ئاخر بڕوانە، نەخۆشیی کچەکەی ئێوە، تەنها نەخۆشیی خۆش نەویستنی ژیانە، میهرەبانتربە خانم!

**(٢)**

دایکی گوتی:

- نادیا گیان، کچە ئازیزەکەم، هیچ شتێکت ناوێت؟

- نا دایە، هیچم ناوێت.

دەتەوێ هەموو بووکۆکەکانت بخەمە سەر نوێنەکەت؟ کورسیو قەنەفەو مێز دادەنێین و کەرەستەی چا ریز دەکەین. بووکۆکەکان چای دەخۆنەوەو لە خۆشیی منداڵەکانیان قسەی خۆش دەکەن

- سوپاس دایە، نامەوێ.. دڵم تەنگە..

- باشە کچەکەم، بووکۆکە پێویست نیە، چۆنە ئەگەر کاتیاو ژنچکا بانگ بکەم بێنە لات؟ ئاخر تۆ ئەوانت زۆر خۆش دەوێ.

- پێویست ناکا دایە، بەڕاستی پێویست نیە، من هەر هیچم ناوێ، دڵم زۆر تەنگە!

- دەتەوێ چوکلێتت بۆ بێنم؟

بەڵام نادیا وەڵامی نەدایەوەو چاوە خەمگین و مۆلەق وەستاوەکانی بڕیبووە بنمیچەکە. کچەکە هیچ جێگایەکی ئازاری نەبوو، تاشی نەبوو، بەڵام رۆژ لەدوای رۆژ لاوازو بێهێزتر دەبوو. هەرچی دەیانکرد حەزی بۆ هیچ شتێك نەدەچوو، هەموو رۆژو هەموو شەوێك بە هەمان شێوە خەمگین و بێدەنگ راکشابوو. جار بەجار نیو کاتژمێرێك دەبوورژا، بەڵام لە خەویشدا شتێکی وەك بارانی پایزی ناخۆش و دورو درێژ دووبارە دەبۆوە.

کاتێ دەرگای نێوان ژووری نادیاو ژووری میوانان، هەروەها ژووری میوانان و ژووری کارکردنی باوکی کرابایەوە، کچەکە باوکی خۆی دەبینی، باوکی بە هەنگاوی خێراوە لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکەی ژوورەکە دەڕۆیشت و بەردەوام جگەرەی دەکێشا، هەندێ جار دەهاتە ژووری نادیاو لە تەنیشت قەرەوێڵەکەی ئەو دادەنیشت و بە هێمنییەوە دەستی بە پێیەکانی دادەهێنا، دواتر لەپڕێکا هەڵدەستاو دەچووە بەردەم پەنجەرەکە، تەماشای دەرەوەی دەکردو بە ئاوازەوە فیکەی لێدەدا، بەڵام شانەکانی دەلەرزین. دواتر بەخێرایی دەستەسڕەکەی دەخستەسەر چاوەکانیو وەك ئەوەی کەللەیی بووبێت، دەچۆوە ژووری کارکردنی خۆی، دواتر دیسان لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکەی ژوورەکە دەڕۆیشت و هەر جگەرەی دەکێشاو جگەرەی دەکێشاو جگەرەی دەکێشا...و هەموو ژووری کارکردنەکەی پڕدەکرد لەدووکەڵی شینی تووتن.

**(٣)**

بەڵام بەیانییەك کاتێ کچەکە لەخەو هەڵسا تۆزێك لەجاران دڵگەشتر بوو، خەونی بینیبوو بەڵام بەهیچ جۆرێ نەیدەتوانی خەونەکەی وەبیر خۆی بێنێتەوەو ماوەیەکی زۆر، بە وردی تەماشای چاوەکانی دایکی کرد. دایکی پرسی:

– شتێکت پێویستە؟

لە ناکاو کچەکە ئەو خەونەی هاتەوە بیر کە بینیبوویو بەهێمنی ، وەك ئەوەی بە نهێنییەوە قسەبکات، گوتی:



– دایە دەکرێ بۆ من ... فیلێك؟ بەڵام نەك ئەو فیلەی کەلەسەر تابلۆ کێشراوە... دەکرێ؟

– بێگومان کچی خۆم، بێگومان دەکرێ.

دایکی چووە ژووری کارکردنی باوکیو پێی گوت کە کچەکەیان فیلی دەوێت، باوکی یەکسەر پاڵتۆکەی لەبەرکردو کڵاوەکەی خستە سەریو بۆ شوێنێك رۆیشت. دوای نیو کاتژمێر، بە یاریی جوان و گرانبەهاوە گەڕایەوە، ئەم یارییە فیلێکی گەورەی خۆڵەمێشی بوو کە خۆی سەری دەجولاندو کلکی رادەتەکاند، بەسەر پشتی فیلەکەوە زینێکی سوورو کەژاوەیەکی زێڕین هەبوو، سێ مرۆڤی بچکۆلە لەناو کەژاوەکە دانیشتبوون. بەڵام کچەکە هەروا بە بێ مەیلییەوە تەماشای کەرەستەی یارییەکانی کرد وەکچۆن تەماشای بنمیچ و دیوارەکەی دەکرد بە کزو بێ زەوقەوە گوتی:

– نا، ئەمە بە هیچ جۆرێ ئەو شتە نییە کە من دەمویست. من فیلی راستەقینە، فیلی زیندووم دەویست، بەڵام ئەمە فیلێکی بێ گیانە.

باوکی گوتی:

بڕوانە، نادیا، ئێستا بە هەوڵ و کۆششی ئێمە رێك دەبێتە فیلێکی زیندوو. بە قورمیش کردنی فیلەکە، دەستی بە جولان کرد، سەری رادەلەقاندو دەستی دەجولاندو هەنگاوی دەهاوێشت و بە هێمنی لەسەر مێزەکە دەڕۆیشت. ئەمە هیچ سەرنجی کچەکەی رانەدەکێشا، تەنانەت پێیشی بێزار دەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی دڵی باوکی نەشکێنێ، بەدەنگێکی نەرمەوە بەهێمنی گوتی:

– بابە گیان زۆر زۆر سوپاست دەکەم، پێم وایە هیچ کەسێك یاریی ئەوەندە جوان و سەرنجڕاکێشی نییە... بەڵام ... لەبیرتە ماوەیەك بەر لەئێستا بەڵێنتدا بمبەیتە باخچەی ئاژەڵان، تا تەماشای فیلی راستەقینە بکەم... بەڵام جارێکیش نەتبردم.

– ئاخر کچی خۆم، گوێبگرە، بزانە کەئەمە کارێکی مەحاڵە، فیل زۆر گەورەیە، سەری بە بنمیچ دەکەوێ، لە ژوورەکەی ئێمەدا جێی نابێتەوە... واز لەوە بێنە، من فیل لەکوێ پەیدا بکەم؟

- ئاخر بابە من فیلی ئەوەندە گەورەم ناوێ، هەر هیچ نەبێ فیلێکی بچووك، بەڵام زیندووم بۆ بێنە، بەلای کەمەوە فیلێکی ئەمەندە، هیچ نەبێ بێچووە فیلێك.

- کچی خۆم، من بەتەواوی ئارەزووەوە ئامادەم هەموو کارێکت بۆ بکەم، بەڵام ئەم کارەم پێ ناکرێ، ئاخر ئەمە رێك وەك ئەوە وایە تۆ راستەو راست بلێی: بابە، خۆرم لە ئاسمانەوە بۆ بێنە.

کچەکە زەردەخەنەیەکی خەمگینانەی کردو گوتی:

- بابە، تۆ قسەی سەیر دەکەی! مەگەر من نازانم کە خۆر ناهێنرێ، چونکە دەستی مرۆڤ دەسوتێنێ، مانگیش نابێ .. نا، بۆمن فیلێکی بچکۆلە، فیلێکی راستەقینە...

دواتر کچەکە بەهێمنییەوە چاوەکانی نووقاندو بە چرپەوە گوتی:

- من بێ تاقەتبووم .. بابە، ببوورە...

باوکی بەهەر دوو دەست ریشی خۆی گرت و بەخێرایی رۆیشتەوە بۆ ژووری کارکردنەکەی. ماوەیەك لەوێدا لە گۆشەیەکەوە بۆ گۆشەیەکی دیکە دەهاتو دەچوو. دواتر بە ورەیەکی بەهێزەوە ئەو جگەرەیەی کەبەتەواوی نەیکێشابوو، فڕێیدایە سەر زەویی ژوورەکە (دایکی نادیا لەسەر ئەم کارە هەمیشە سەرکۆنەی دەکرد)و بانگی خزمەتکارەکەی کرد:

- ئولگا! چاکێت و کڵاو..

ژنەکەی چووە راڕەوەکەو لێیپرسی:

- ساشا، بۆ کوێ دەچیت؟

باوکە، بەدەم داخستنی قۆپچەکانی چاکێتەکەی، بە هەناسەبڕکێوە گوتی:

- ماشینکا، خۆشم نازانم بۆ کوێ دەڕۆم.. بەڵام واهەست دەکەم کە ئەمڕۆ لە دەوروبەری خۆرئاوابوون، بەڕاستی فیلێکی زیندوو بۆ ماڵەوە دێنمەوە.

- ژنەکەی بە نیگەرانییەوە تەماشایەکی کردو پرسی:

وەزعت باشە گیانە؟ سەرت نایەشێ؟ رەنگە خراپ نوستبیت؟

باوکە، بە توڕەییەوە وەڵامی دایەوە:



- لەڕاستیدا هەر نەنوستووم، دیارە دەتەوێ بپرسی کە شێت نەبوومە؟ نا هێشتا شێت نەبوومە. خوداحافیز! شەو هەموو شتێك دەردەکەوێ.

دەرگاکەی بەتوندی لەدوای خۆیەوە داخست و لەچاوان ونبوو.

## (٤)

دوای دوو کاتژمێر ئەو لە باخچەی ئاژەڵاندا لە ریزی پێشەوەی بینەران دانیشتبوو و تەماشای ئەوەی دەکرد کە چۆن ئەو ئاژەڵە کێوییانەی کە کەمۆ کرابوون بە فەرمانی خاوەنەکانیان کاری جۆراوجۆریان دەکرد. سەگە هۆشیارەکان بازیان دەدا، تەقڵەیان لێدەدا، بە ئاوازی مۆزیکا سەمایان دەکردو بە پیتی گەورەی لە کارتۆن دروستکراو وشەیان دروست دەکرد. مەیموونە بچکۆلەکان هەندێکیان بە کراسی سوورو هەندێك بەشەرواڵی شینەوە لەسەر پەت یارییان دەکردو سواری سەگێکی گەورە دەبوون. شێرە زەردو زەبەلاحەکان بەناو ئەو بازنانەدا بازیان دەداکە بە دەوری بازنەکەدا ئاگردەسوتا، بەرازێکی دەریایی بە تەوەزەلییەوە بە دەمانچە نیشانەی دەگرت، دوای هەموویان فیلەکانیان هێنایە مەیدانەکە. سێ فیل بوون: یەکێکی گەورەو دووانیشیان زۆر بچووك و کورتیلە بوون، بەڵام فیلە بچووکەکانیش زۆر لە ئەسپ گەورەتر بوون. مرۆڤ سەری سوڕدەما لەو ئاژەڵە گەورەو زەبەلاحانەی کە زۆر تەمبەڵ دەهاتنە بەرچاو، کەچی کاری ئەوەندە سەختیان ئەنجام دەدا، کە مرۆڤی چالاك و تەڕدەستیش ناتوانن ئەنجامی بدەن. بە تایبەتی فیلە هەرە گەورەکە زیاتر لەوانی دیکە هونەری خۆی نیشان دەدا، بەسەر دەستەوە هەڵدەستایەوەو دادەنیشت، سەری لەسەر زەوی دادەناو پێیەکانی بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە، بەسەر دارە لوولەییەکان و بەسەر بەرمیلدا هەڵدەخزی و بەڕێدا دەڕۆیشت، بە خەرتوومەکەی خۆی لاپەڕەکانی کتێبێکی گەورەی مقەوایی هەڵدەدایەوە. دوای ئەنجامدانی ئەم کارانە لەسەر مێزێك دانیشت، بەروانکەیەکی لە سینگی خۆی داو وەك منداڵێکی باش پەروەردەکراو دەستی بە خواردن کرد.

نمایشەکە تەواو بوو و بینەرەکان ڕۆیشتن. باوکی نادیا چووە لای خاوەنی باخچەکەی ئاژەڵان کە کەسێکی قەڵەوی ئەڵمانیایی بوو. خاوەنی باخچەی ئاژەڵان لەپشت قاڵدرمەیەکی دار راوەستابوو و جگەرەیەکی رەشی گەورەی بە لێوەوە بوو، باوکی نادیا گوتی:

- تکایە ببوورە، ئێوە ناتوانن فیلەکەتان بۆ ماوەیەك بنێرنە ماڵی ئێمە؟

ئەڵمانیاییەکە لە سەرسوڕماوییان چاوەکانی زەق بۆوەو تەنانەت دەمیشی بەش بۆوە، بەجۆرێك کە جگەرەکەی کەوتە سەر زەوی دیسان خستیەوە سەر لێویو دواتر گوتی:

- بینێرم؟ فیل؟ بۆ ماڵ؟ لە مەبەستی ئێوە تێناگەم! چاوەکانی ئەڵمانیاییەکە وای نیشان دەدا کە ئەویش دەیویست بپرسێت ئایا باوکی نادیا سەری نایەشێت... بەڵام باوکی نادیا بەخێرایی بۆی روونکردەوە کە داواکەی سەبارەت بە چییە: نادیای تاقانەکچی دوچاری نەخۆشییەکی سەیر ببوو، تەنانەت دکتۆرەکانیش بەپێی پێویست سەریان لێی دەرنەدەکرد، مانگێکە لەناو جێدا کەوتووەو رۆژ لەدوای رۆژ لاوازو بێهێزتر دەبێ، حەزی ناچێتە هیچ شتێك، دڵی تەنگ دەبێت و وەك مۆم وردە وردە دەتوێتەوە خامۆش دەبێت. دکتۆرەکان داوایان کردووە دڵخۆش و سەرقاڵی بکەین، بەڵام ئەو کەیفی بە هیچ شتێك نایەت، داوایان کردووە هەموو حەزەکانی بێنینە دی، بەڵام ئەو هیچ حەزێکی نییە. ئەمڕۆ حەزی کرد فیلێکی زیندوو ببینێ. بەڕاستی ئەم کارە مەحاڵە؟

قۆپچەی چاکێتی پیاوە ئەڵمانیاییەکەی گرت و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە درێژەی پێدا

- بەڵێ ، تەماشا بفەرموو... بێگومان، من بە هیوای ئەوەم کە کچەکەم چاك ببێتەوە. بەڵام... بەڵام... لەکاتێکدا ئەگەر ئەم نەخۆشییە بە ئەنجامێکی خراپ بگات، ئەگەر کیژۆڵەکە بمرێت؟.. بیری لێ بکەرەوە، ئەوکاتە بەدرێژایی تەمەن ئەو خەیاڵە ئازارم دەدات کە تاقە ئارەزوی ئەو، کە دوایین ئارەزووی ئەوم نەهێناوەتەدی!..

ئەڵمانیاییەکە برۆکانی لێك کێشابۆوەو نوقمی بیرکردنەوە ببوو و بە پەنجەی بچووکی برۆی چەپەی دەخوراند. دواجار پرسی:

- هەم... کچەکەتان تەمەنی چەند ساڵە؟

- شەش ساڵ.



- هەم ... لیزای کچی منیش تەمەنی شەش ساڵە... بەڵام دەزانی ئەمە بۆ ئێوە گران دەکەوێ، دەبێ بەشەو فیلەکە ببەینە ماڵی ئێوەو تەنها شەو، دواتر بیهێنینەوە بۆ ئێرە. بە رۆژ نابێ. خەڵك کۆدەبنەوەو هەراو هۆسەیەکی زۆر دروست دەبێ... بەمجۆرە من رۆژێکی تەواوم لەدەست دەچێو ئێوەش دەبێ ئەو زەرەرەم بدەنەوە..

- ئۆه، بێگومان، بێگومان، لەم رووەوە دڵنیابن.

- دوای ئەوە ئایا پۆلیس رێگە دەدات کە فیلێك بۆ ماڵێك ببەین؟

- ئەم کارە من رێکی دەخەم، رێگە دەدات.

- پرسیارێکی تر: ئایا خاوەنی خانووەکەتان رێگە دەدات کە فیلێك بهێننە ناو خانووەکەی ئەو؟

- بەڵێ رێگە دەدات، من خۆم خاوەنی ئەم خانووەم.

- ئەها، ئەمە باشترە، بەڵام پرسیارێکی دیکە: ئێوە لە کامە نهۆمدا دەژین؟

- لەنهۆمی دووەم.

- ئۆی ئەمە زۆر باش نییە... ئایا خانووەکەتان قاڵدرمەی بەرین و بنمیچی بەرزو ژوورێکی گەورەو دەرگای فراوان و زەوییەکی توندوتۆڵی هەیە؟ چونکە بەژنی (تۆمی)ی من سێ گەزو سێ گرێیەو درێژییەکەی پێنج گەزو نیوە. سەرەڕای ئەوەش کێشەکەی شەشسەدو شەست و شەش مەنە ( کە هەر مەنێك نزیکەی سێ کیلۆگرامە)

باوکی نادیا بیرێکی کردەوەو دوای یەك دەقیقە گوتی:

- دەزانی چی؟ وەرە هەر ئێستا بچینە ماڵەکەمان و هەموو شتێك لەوێوە ببینین، ئەگەر پێویست بکات فەرمان دەدەم دەرگاکانی نێوان ژوورەکان فراوانتر بکەن. خاوەنی باخچەی ئاژەڵان بەمە رازی بوو و گوتی:

- زۆر باشە.

## (٥)

شەو فیلیان بە میوانی بردە لای کچەکە، فیل بە رووپۆشێکی سپییەوە، بە سەنگینیو ویقارەوە رێك بەناوەڕاستی شەقامدا هەنگاوی دەنا، سەری دەجولاند، هەندێ جار خەرتوومەکەی لوول دەداو هەندێ جاریش راستی دەکردەوە، هەرچەندە شەو لە نیوەی تێپەڕیبوو، بەڵام خەڵکێکی زۆر دەوری فیلیان دابوو، کەچی فیلەکە هیچ گوێی پێ نەدەدان، چونکە هەموو رۆژێك لە باخچەی ئاژەڵاندا سەدان مرۆڤی دەبینی، تەنها یەك جار تۆزێك تووڕەبوو.

کوڕێژگەیەکی چەقاوەسوو رێك لەبەر پێی فیلەکە غاریداو بۆ سەرگەرمکردن و بەپێکەنین هێنانی خەڵکی بێکار دەستی بە هەڵسوکەوتی سەیرو سەمەرە کرد.

لەوکاتەدا فیل بە هێواشی بە خەرتوومۆکەی کڵاوی کوڕەکەی هەڵگرت و هەڵیدایە ئەودیو دیوارێکی دارینی بزمارڕێژکراو.

پاسەوانێك لە ناوەڕاستی خەڵکەکە دەڕۆیشت و بەردەوام دەیگوت:

- بەڕێزان، تکا دەکەم بڵاوەی لێ بکەن، ئاخر لێرەدا چ شتێکی نائاسایی هەیە؟ پێم سەیرە! رێك وەك ئەوە وایە کە هەرگیز فیلێکی زیندووتان لە شاقامدا نەبینیبێ.

کەگەیشتنە ماڵەوە، لە قاڵدرمەکەوەتا ژووری نانخواردن، هەموو شتێ لەسەر رێگای فیلەکە ئاوەلاَ کرابوو بۆئەم کارەش ناچاربووبوون سورگیی دەرگاکان بە چەکوچ هەڵکەنن.

بەڵام فیل لەبەردەم دەرگاکە راوەستاو بەهیچ جۆرێ ئامادە نەبوو لە قاڵدرمەکەوە سەربکەوێ، ئەڵمانیاییەکە گوتی:

- دەبێ شیرینی یان شتێکی دیکەی بەتامی بدرێتێ ... یان نانێکی بە شەکر یان شتێك... بۆ نموونە...تۆمی! ئۆهۆ...تۆمی!

باوکی نادیا بەغاردان چووە شیرینی فرۆشەکەی نزیك ماڵەکەیان و نانێکی بەشەکری گەورەی کڕی کە ناوی پڕ لە فستق بوو، فیلەکە حەزی لێبوو کە هەموو



نانەکە بەکارتۆنەکەیەوە بە یەك جار قووت بدات ، بەڵام ئەڵمانیاییەکە تەنها چارەگێکی نانەکەی دایە فیلەکە. نانە بەشەکرەکە تامی ژێر ددانی فیلەکەی خۆش کردو فیلەکە خەرتوومەکەی درێژکرد تا تیکەی دووەم وەربگرێت، بەڵام ئەڵمانیاییەکە لە فیلەکە زیرەکتر بوو، لە کاتێکا کە نانە بەشەکرەکەی بە دەستەوە گرتبوو پلە پلە لە قاڵدرمەکە سەردەکەوت و فیلیش خەرتوومەکەی بەرەو پێش بردو گوێیەکانی پەرش و بڵاو کردبۆوەو، بێ ئەوەی پێ بزانێ کەوتە دوای ئەڵمانیاییەکەوە، کاتێ گەیشتنە سەرەوەی قاڵدرمەکە، ئەڵمانیاییەکە تیکەی دووەمی دایە فیلەکە.

بەمجۆرە فیلەکەیان بردە ژووری نانخواردن، پێشتر هەموو کەلوپەلەکانیان بردبووە دەرەوەو هەندێ کایان لەسەر زەوییەکە راخستبوو... پێی فیلەکەیان بە حەڵقەیەکەوە بەستەوە کە بەسەر زەوییەکەدا چەمابۆوە، هەندێ کەلەم و شێلم و گێزەری تازەیان لەبەردەمی دانا، ئەڵمانیاییەکە لە تەنیشت فیلەکە لەسەر قەنەفەیەك راکشا. گڵۆپەکانیان کوژاندەوەو هەموویان خەوتن.

## (٦)

رۆژی دواتر هێشتا دنیا بە تەواوی روناك نەبووبۆوە، کچەکە لەخەو هەڵساو بەر لەهەر شتێك پرسی:

- ئەدی فیلەکە؟ هات؟

دایکی وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ، هاتووە، بەڵام فەرمانی داوە کە نادیا بەر لەهەر شتێ دەست و دەموچاوی خۆی بشوات و دواتر هێلکەیەکی نیوەکوڵاو و شیری گەرم بخوات.

- فیل میهرەبانە؟

- بەڵێ میهرەبانە، بیخۆ کچەکەم، ئێستا دەچینە لای فیل.

- عەنتیکەیە؟

- کەمێك. چاکێتێکی گەرم لەبەربکە.

نادیا بەخێرایی هێلکەو شیرەکەی خوارد، دواتر خستیانە ناو هەمان ئەو عەرەبانەیەی کە ئەو کاتەی زۆر بچووك بوو و لەڕاستیدا هەر نەیدەتوانی بڕوات لەناویان دادەنا ، بردیانە ژووری نانخواردن.

فیل چەندین جار لەوە گەورەتر بوو کە نادیا لە وێنەکاندا دەیبینی و خەیاڵی بۆ دەچوو.

بەژنی یەك تۆز لە دەرگاکە کورتتر بوو، درێژاییی بەقەد نیوەی ژووری نانخوادنەکە دەبوو، پێستی توندو دڕبوو و پێچ و لۆچی گەورەی هەبوو، پێیەکانی وەك قەدی دار گەورەو بەهێزبوو، کلکێکی درێژی هەبوو و شتێکی وەك گسك بەسەر کلکیەوە بوو، سەری پڕلە پۆقژەی گەورە بوو، گوێیەکانی زۆر گەورەبوون کە بەرەو خوار شۆڕببوونەوە، چاوەکانی زۆر بچووك بەڵام وشیارو میهرەبان بوو، ددانەکانی شاش بوو، خەرتوومی ڕێك وەك مارێکی درێژ وابوو، لەسەر خەرتوومەکەی دوو کون هەبوون، لەناوەڕاستی کونەکان، پەنجەیەکی نەرم دەجولایەوە، ئەگەر فیل خەرتوومەکەی بەتەواوی بەرز بکردایەتەوە، بێگومان دەگەیشتە سەر پەنجەرەکە.

کچەکە هیچ نەترسا، تەنها لە گەورەییە لەڕادە بەدەرەکەی فیل تۆزێك سەری سوڕما. بەڵام (پلیا)ی پەرستارە شانزە ساڵانەکەی نادیا لەترسان قیژەو هاواری لێ هەڵسا.

ئەڵمانیاییە خاوەن فیلەکە هاتە تەنیشت عەرەبانەکەو گوتی:

- بەیانیت باش کیژۆڵەخان! تکات لێدەکەم نەترسیت، تۆمی زۆر میهرەبانەو منداڵانی خۆش دەوێت.

کچەکە دەستە بچووك و رەنگ پەڕیوەکەی بەرەولای ئەڵمانیاییە کەدرێژکردو وەڵامی دایەوە:

- سڵاوتان لێ بێ، حاڵو ئەحواڵتان چۆنە؟ لەڕاستیدا من هەرهیچ ناترسم. ناوی چییە؟

- تۆمی.

- سلاوت لێ بێ تۆمی!.. بە سەردانەواندنیش ڕێزی لێگرت. لەبەرئەوەی تۆمی زۆر گەورە بوو نادیا زاتی ئەوەی نەکرد لەگەڵیا باس لە هەموو شتێك بکات و لێی پرسی:



- ئێوە دوێنێ شەو چۆن خەوتن؟

نادیا دەستیشی بەرەو لای فیل درێژکرد، فیل بە پەنجە بەهێزەکەی نووکی خەرتوومەکەی خۆی، پەنجە نەرمۆڵەکانی ئەوی بە هێمنی گرت و گوشی، ئەم کارەی بۆ دکتۆر میخائیل پترۆڤیچ زۆر باشترو ڕێکوپێکتر ئەنجامدا. سەری خۆی جولاندو چاوە بچووکەکانی تۆزێك نووقاند، وەك ئەوەی پێبکەنێت.

نادیا لە ئەڵمانیاییەکەی پرسی:

- بێگومان ئەو لە هەموو شتێك دەگات؟

- بەڵێ کیژۆڵەخان لە هەرهەموو شتێك دەگات.

- بەڵام تەنها ناتوانێ قسە بکات؟

- بەڵێ تەنها قسەی بۆ ناکرێ، دەزانی منیش کچێکم هەیە، ئەویش وەك ئێوە بچکۆلەیە، ناوی (لیزا)یە، تۆمی لەگەڵ ئەو زۆر برادەرە.

کچەکە لە فیلی پرسی:

- تۆمی ئێوە چۆن چایتان خوارد؟

ئەمجارەشیان فیلەکە خەرتوومەکەی ڕێك هێنایە بەرامبەر روخساری کچەکەوبە هەناسەیەکی گەرم فووێکی ئەوتۆی کرد کە پرچە خاوەکەی کچەکە بەهەموو لایەکدا پەرش و بڵاو بوویەوە.

نادیا لەقاقای پێکەنینیداو چەپڵەی لێدا. ئەڵمانیاییەکەش لە ناخی دڵیەوە پێکەنی.

ئەویش وەك فیلەکەی گەورەو قەڵەوو رووخۆش بوو، نادیا پێی وابوو کە ئەم دووە هەردووکیان لەیەك دەچن، رەنگە ئەوانە خزم و کەسی یەکتر بن؟

ئەڵمانیاییەکە گوتی:

- نەخێر کیژۆڵەخان ئەو چای نەخواردووە، بەڵام ئەو زۆر حەزی لە قەنداوە، زۆریشی حەز لە پەپۆکەیە.

سینییەکی پڕ لە پەپۆکەیان هێنا، کچە بۆ فیلەکەی ڕاگرت، فیل بە پەنجەی نوکی خەرتوومەکەی بە چوست و چالاکییەوە پەپۆکەکەی هەڵگرت و خەرتوومەکەی وەك

بازنەیەك چەماندەوەو پەپۆکەکەی لە خوار سەریەوە قایم کرد، لای ئەو شوێنەی لێوی خوارەوەی کە سێگۆشە توکن و عەنتیکەکەی دەجولایەوە، دەنگی خواردنی پەپۆکە بە پێستە وشکەکەیەوە دەبیسترا کە خشەخشی لێوە دەهات، تۆمی بۆ خواردنی پەپۆکەی دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمیش هەمان کاری کردو بەردەوامیش سەری بە نیشانەی سوپاسکردن دەجولاندو چاوە وردیلەکانی لە کەیف و خۆشییا بچووکتر دەکردەوە. کچەکەش قاقا پێدەکەنی.

کاتێ فیل هەموو پەپۆکەکانی هەڵکێشا، نادیا بوکۆکەکەی خۆی بەو ناساند:

- بڕوانە تۆمی، ئەو بووکە ڕێکپۆشەی کەجلوبەرگی جوانی لەبەرە، (سۆنیا)یە، ئەو منداڵێکی زۆر میهرەبانە، بەڵام هەندێ بڕو بیانوو دێنێتەوەو نایەوێت شۆربا بخوات، ئەمەشیان (ناتاشا)یە خوشکی سۆنیایە، ئەو دەستی بە خوێندنی وانە کردووەو نزیکەی هەموو پیتەکان دەزانێ. ئەمەش (ماترۆشکا)یە، ئەمە یەکەمین بوکۆکەی منە، دەبینی لووتی نیە، سەریان پێوە لکاندووەو ئیتر قژیشی نییە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نابێ پیرەژن لە ماڵەوە دەربکرێ، وایە تۆمی؟ ئەو پێشتر دایکی سۆنیا بوو، بەڵام ئێستا چێشت لێنەری ئێمەیە، باشە تۆمی، وەرە یاری بکەین، ئێوە ببنە بابەو منیش دەبمە دایە، ئەمانەش منداڵەکانمانن.

تۆمی رازی بوو، ملی ماتریۆشکای گرت و هەڵیگرت و خستیە ناو دەمیەوە، بەڵام تەنها بۆ گاڵتە، بە نەرمییەوە کەمێکی جویو دواتر دیسان خستیەوە سەر ئەژنۆی کچەکە، بێگومان بووکەکە هەندێك تەڕو گەچراویش ببوو. دواتر نادیا کتێبێکی گەورەی وێنەداری نیشانی تۆمی داو بۆی روونکردەوە:

- ئەمە ئەسپە، ئەمە کەناریو ئەمە تفەنگ... ئەمە قەفەزەو باڵندەیەکی تیایە، ئەمە سەتڵەو ئەمە ئاوێنەیەو ئەمە زۆپایەو ئەمە خاکەنازەو ئەمە قەلە... ئەمەش، تەماشاکە، ئەمەش فیلە، هیچ لە فیل ناچێ، وایە؟ تۆمی، مەگەر فیلی ئەوەندە بچکۆلەش دەبێ؟

تۆمی تەماشای کرد، لەهەموو دنیادا فیلێکی ئەوەندە بچووك نییە، هیچ کەیفی بەم وێنەیە نەهات، بە پەنجەی نوکی خەرتوومەکەی لاپەڕەکەی گرت و هەڵیدایەوە.



کاتی نانخواردنی نیوەڕۆ هات، بەڵام کچەکە بەهیچ جۆرێك لە فیلەکە جیا نەدەکرایەوە، ئەڵمانیاییەکە بەفریایان گەیشت و گوتی:

ڕێگام بدەن، من کارەکە جێبەجێ دەکەم. ئەوان پێکەوە نان دەخۆن. فەرمانی بەفیلەکە کرد دابنیشێت. فیل فەرمانەکەی جێبەجێ کردو یەکسەر دانیشت، لەئەنجامدا میچی خانووەکە کەوتەلەرزین و قاپوقاچاغ لەناو کاونتەردا دەستیان بە دینگەدینگ کردو گەچی بنمیچی ژوورەکانی نهۆمی ژێرەوە کەوتەخوارەوە. کچەکە بەرامبەر فیلەکە دانیشت. مێزێکیان لە نێوانیان دانا، بەروانکەیەکیان لە ملی فیلەکە کردو برادەرە نوێکان سەرقاڵبوون بەخواردنەوە. کچەکە سوپی مریشکی دەخواردو فیلیش هەموو جۆرە سەوزەو تەڕەو زەڵاتەیەك. پیاڵەیەکی زۆر بچووك دەرمانی پزیشك یان دایە کچەکەو هەندێك ئاوی گەرمیان بە پیاڵەیەك شەرابەوە دایە فیلەکە، فیل بە تاسووقەوە شەرابەکەی بە خەرتوومەکەی خۆیەوە لەناو دەفرەکەدا هەڵلووشی، دواتر فنجانێك کاکاویان بە کچەکەو نیوەی نانێکی بەشەکریان بە فیلەکەدا، ئەمجارەیان ناواخنی نانەبەشەکرەکە کاکڵەگوێزی تیابوو، هەر لەو کاتەدا ئەڵمانیاییەکە لەگەڵ باوکی نادیا لە ژووری میوانان دانیشتبوون و بەهەمان ئەو تاسووقەی کە فیلەکە دەفرە شەرابەکەی هەڵلووشی، بیرەیان دەخواردەوە، بێگومان بە بڕێکی زیاتر.

دوای خواردنی نانی نیوەڕۆ هەندێك لە ناسیاوانی باوکی نادیا هاتن، بۆئەوەی نەترسن هەر لە ڕاڕەوەکەدا مەسەلەی فیلەکەیان بۆ باس کردن، سەرەتا باوەڕیان نەکرد بەڵام دواتر کە فیلیان بینی، خۆیان بە دەرگاکانەوە نووساند.

کچەکە دڵنەوایی کردن و گوتی:

- مەترسن ، ئەم فیلە میهرەبانە.

بەڵام ناسیاوانی باوکی نادیا بەخێرایی چوونە ژووری میوانان، چوار پێنج دەقیقە دانیشتن، دواتر هەڵسان و ڕۆیشتن.

شەوداهات، لەمێژبوو کچەکە دەبووایە بخەوێت، بەڵام نەدەکرا لە فیلەکەی دووربخەنەوە، هەرلەوێ لەتەك فیلەکە خەوی لێکەوت و هەر بە خەوتوویییەوە بردیانەوە بۆ ژوورەکەی خۆی، تەنانەت کچەکە نەیزانی چۆن جلەکانیشیان داکەندووە.

ئەوشەوە نادیا خەونی بینی، لە خەونیدا شووی بە تۆمی کردووەو بوونەتە خاوەنی چەندین بێچوو، چەندین بێچووەفیلی دڵخۆش و شادومان.

هەر لەوشەوەدا تۆمی یان بردەوە بۆ باخچەی ئاژەڵان، تۆمییش کچە میهرەبان و ئیسك سووکەکەی لەخەودا بینی، هەروەها چەندین نانەبەشەکری گەورەی پڕ لە گوێزو فستقی لە خەودا بینی، کە بەقەد دەروازەی باخچەی ئاژەڵان گەورە بوون...

بەیانی کچەکە بەزەوق و چالاکییەوە لەخەو هەڵساو وەکو جاران، ئەو کاتەی کە هێشتا لەشساغ بوو، بەدەنگێکی بەرزو بێ حەوسەڵەوە بانگی کرد:

- شیرم دەوێ!

دەنگی کچەکە لەهەموو خانووەکەدا دەنگی دایەوە، دایکی هەرکە گوێی لە دەنگی بوو، بە دڵخۆشیو خێراییەوە چووە لای.

بەڵام کچەکە یەکسەر رووداوەکانی رۆژی رابردووی هاتەوەیادو پرسی:

- ئەدی کوا فیل؟

پێیانگوت کە فیل چۆتەوە ماڵی خۆی، کاری هەبوو و نەیدەتوانی منداڵەکانی بە تەنیا بەجێبێڵێ، گوتی سڵاو بە نادیا بگەیەنن و پێی بڵێن کە بۆ ماڵەکەی خۆی داوەتی دەکاتو ئەو کاتەی کە نادیا چاك بۆوە چاوەڕوانی ئەو دەبێت.

کچەکە زەردەخەنەیەکی چەقاوەسووانەی کردو گوتی:

- بە تۆمی بڵێن من تەواو چاك بوومەتەوە!

**سەرچاوە:**

**فیل، الکساندر کوپرین،ترجمە: حبیب. ف، بنگاە نشریات پروگرس، مسکو**

# گفتوگۆ

## میهرداد حجەتی

پەیامنێر لە پیرەمێردەکەی پرسی:-چەند ساڵە ڕۆژنامە دەخوێنیتەوە؟

پیرەمێرد کە زۆر هیلاك و پەرێشان دەهاتە بەرچاو, لەپشت چاویلکەکەیەوە لە ڕۆژنامەکەی دەڕوانی, سەری هەڵبڕی و نیگاکانی خستەسەر ڕوخساری پەیامنێرە لاوەکە و گوتی:-نازانم.. لەمێژە.. وا هەست دەکەم زیاتر لە بیست ساڵ دەبێت.

پەیامنێر یەکسەر گوتی:- پێشتر بە چ مەبەستێك ڕۆژنامەت دەخوێندەوە و ئێستا بە چ مەبەستێك؟

پیرەمێرد وەك ئەوەی کە پێشتر بە هیچ جۆرێك بیری لەمە نەکردبێتەوە, پرسیارەکەی بەلاوە چاوەڕوان نەکراو بوو, ویستی خۆی لێ بدزێتەوە, ڕووی وەرگێڕا و دیقەتی دایە خاڵێکی دووری ڕۆژنامەکەی بەردەمی.

پەیامنێرەکە وای بۆ دەچوو کە ڕەنگبێ پیرەمێرد کەوتبێتە حاڵەتی تێڕامانەوە, ئیتر هیچی نەگوت و پیرەمێردیش بێدەنگ بوو.

چەند ساتێك بەمجۆرە تێپەڕی, پیرەمێرد لای خۆیەوە بەو دەرەنجامە گەیشتبوو کە ئیتر شتێك بڵێ, بە هەمان شێوەی کە دیقەتی دابووە ڕۆژنامەکە کەوتەوە قسەکردن,

-ئەوسا بۆ ئاگەداربوون لە بارودۆخی سیاسی وڵات ڕۆژنامەم دەکڕی یەکێك لەو لاپەڕانەش کەسەرنجی ڕادەکێشام لاپەڕەی ڕووداوەکان بوو, کە هەمیشە هەواڵی دزی و سەربڕینی کەسێك و ڕووداوێك یا شتێکی لەم بابەتەی تێدابوو, ئەوسا بە هیچ جۆرێ بیرم لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێك دادێت خوو بە ڕۆژنامەوە دەگرم, ئێستا ئیتر بۆتە خووپێوەگرتنێك و هەر دەبێ وەدەستی بخەم, چونکە ئەگەر دەستم نەکەوێت وەك ئەوەیە کەشتێکم ون کردبێت, دواییش خۆمی پێوە خەریك



دەکەم, ئێستا زیاتر گرنگی بەم لاپەڕەیە دەدەم وەك بە لاپەڕەکانی دیکە, لاپەڕەی کات بەسەربردن و ئاگەداری و سەرەخۆشیکردنی نیشانی پەیامنێرە لاوەکەدا, هەر ئەو لاپەڕەیەبوو کە لەبەردەمیدا کرابۆوە و خەریك بوو تەماشای خاڵێکی دووری ئەو لاپەڕەیەی دەکرد.

پەیامنێرەکە وەك ئەوەی شتێکی تازەی دۆزیبێتەوە جێگای خۆی لەسەر تەختە دارینەکەوە گواستەوە و لە کاتێکدا کە بە سەرجولاندن ئاماژەی بە لاپەڕە کراوەکە کرد گوتی:- بۆچی ئەم لاپەڕەیە؟ مەگەر....

پیرەمێرد وەك ئەوەی کە زۆر حەزی لە پرسیاران نەبێ قسەی پەیامنێرەکەی بڕی و گوتی:- بۆ منێکی پیر, ئەم لاپەڕەیە مانای هەموو شتێك دەگەیەنێ, دەزانی مەبەستم چییە؟ ڕەنگە هەر لەبەر پیری بێ کە ئەم قسانە دەکەم و تۆی لاو ئێستا هەست بەم شتانە ناکەی, ئاخر کاتێك کە مرۆڤ پێ دەنێتە ئەم تەمەنەوە, ئیتر ناتوانێ بیر لە مردن نەکاتەوە, هەر ڕۆژەو یەکێك لە هاوڕێکانی مرۆڤ لەدەست دەچێت و داخت دەکات, زۆرێك لەو کەسانەی کە تەمەنێکمان بەیەکەوە بەسەربرد و گەلێك ئەملا و ئەولامان کردو پێکەوە لە پشت مێزێکی قوتابخانەدا دادەنیشتین, ئێستا نەماون, هەموو کۆچیان کردووە, عەلی بەخۆی و حەوزەکەیەوە ماوەتەوە و منیش بەخۆم و یەك دنیا یادەوەریی ئەو شوێنانە ماومەتەوە, پیرەمێرد تازە وروژابوو, فرمێسك چاوە ماندووەکانی تاریك کردبوو, دەنگی بە تەواوی دەلەرزیو بە نەرمیەوە دەدوا, یادی برادەرە دێرینەکانی پەشۆکاندبووی, پەیامنێرەکە سەری خۆی دانەواندبوو, بە قەڵەمەکەی لەسەر پەڕە کاغەزێکی سپی خۆی بە کێشانی هەندێ هێڵی تێکچڕژاو و ناڕێکەوە خەریك کردبوو, پیرەمێرد درێژەی دابووە قسان:

- هەر دوێنێ و پێرێ بوو یەکی دیکەشیانم لەدەست چوو, ئێستا وێنەکەی لێرە دایە, بەیەکەوە کارمان دەکرد, بەیەکەوە خانە نشین بووین, دواتریش بەیەکەوە هاتینەپارك, هەموو ڕۆژێ دەمەو عەسران دەهاتینە ئێرە لەسەر ئەم کورسییە لەبەر سێبەر دادەنیشتین, ڕۆژنامەمان دەخوێندەوە و جگەرەمان دەکێشا و باسی هەموو شتێکمان دەکرد و یادی جارانمان دەکردەوە.

جارێکی دیکە پیرەمێرد بێدەنگ بوو. دەنگی لە گەروودا خنکاو لە پڕمەی گریانیدا, ڕوانینی تەواو تاریك بووبوو, پەیامنێرەکە سەری هەڵبڕی تا وێنەی ئەو کۆچکردووە لەو لاپەڕەیەدا بدۆزێتەوە,چاوی گێڕا, بەلاّم پیرەمێرد لاپەڕەکەی نوشتاندبۆوە و دەیکێشا بە

ئەژنۆ لەرزۆکەکانیەوە,پیرەمێرد شانەکانی دەلەرزین و فرمێسك ڕیشە سپیەکانی تەڕکردبوو, دوای تۆزێك پیرەمێرد بە دەنگێکی زۆر خەمبارەوە گوتی:

-جاران ئاگاداری و کات بەسەربردن و ئەم جۆرە شتانەم بەلاوە گرنگ نەبوو, نەك وەك ئەوەی هەر نەبووبن, بەلاّم ئەوەندە گرنگیش نەبوون, کەچی ئەم خوالێخۆشبووە زۆر بەدوای ئەم بابەتانەوە بوو, هەمیشە پێیدەگوتم ڕۆژێك نۆرەی ئێمەش دێت, ڕۆژێك وێنە و ناوی ئێمەش لێرە دەدەن, تەماشاکە وەکو ئەمانە, ئەوکاتە وێنە و ناوەکانی نیشانمدەدا, کە هەندێکیانم دەناسین, دواییش هەر ڕۆژە، یان چەند ڕۆژ جارێك لەنێوان وێنە و ناوەکاندا یەك دوو ناسیاومان دەبینی, هەندێکیانمان پێشتر نەدەناسین, هەر لەم پارکەدا پێیان ئاشنا ببووین, ئەوانیش خانەنشین بوون، ئێواران دەهاتنە پارك و هەر لەم دەوروبەرە دادەنیشتن و تەنها سلاّومان لە یەکتر دەکرد, هەندێ جاریش دەهاتن ڕۆژنامەیان لێ وەردەگرتین بۆئەوەی بیخوێننەوە, ڕەنگە ئەوانیش هەر ئەو لاپەڕەیان بخوێندایەتەوە, ئەو لاپەڕەیەی کە دەتگوت بۆ کەسانی وەك ئێمە چاپ دەکریت, بۆئەوەی هەواڵی مردنی هاوتەمەنەکانمانی تێدا بخوێنینەوە, زۆر جار ویستوومە بۆ پرسەی هەموویان بچم بەلاّم پێیەکانم بەدوامدا نەدەهاتن, نازانم لاوۆ تۆ لەم شتانە تێدەگەی یان نا؟ کاتێ مرۆڤ برادەرێکی دێرینی خۆی لەدەستدەدات, کەسێك کە بەقەدەر تەمەنی منداڵەکانی خۆی دەیناسێت دەکەوێتە چ حاڵەتێکەوە؟ بۆنموونە ئەم خوالێخۆشبووە....

هێشتا هەر دەنگی دەلەرزی, کەجارێکی دیکە ڕۆژنامەکەی کردەوە و هەمان لاپەڕەی پێشووی پیشانی پەیامنێرەکەدا, ئیتر توانای ئاخاوتنی نەمابوو, تووڕەیی زمانی لە گۆخستبوو, خەمێکی قورس بووبووە بار بەسەر سینگیەوە, پەنجە لەرزۆکەکانی بەسەر لاپەڕەکەدا خشاند و لەسەر وێنەیەکا گیرساندیەوە.

پەیامنێرەکە تەکانێکیدا و پشتی ڕاچڵەکی, بۆساتێك هەستیکرد ئیتر هێزی لەبەر بڕاوە, ئارەقەیەکی سارد تەواوی جەستەی داگرت, بەدەنگێکی کزەوە بە پیرەمێردەکەی گوت:

-ئەمە دەناسم, هەر چەند ڕۆژێك بەر لە ئێستا گفتوگۆم لەگەڵدا کرد.

**سەرچاوە:**

**مجله دوران, شماره۱۱, اردیبهشت۱۳۷۵, ص۲۹**

# هاوڕێ بچكۆڵەكەی سەرۆك

## جەمشید سەداقەت نەژاد

گوتم:

- لە كاتی وادا باشترە تەلەفۆن بۆ جەنابی سەرۆك كۆمار بكەیت. ئەم رستەیەم هەروا لەدەم دەرچوو، بەڵام كچە شەش ساڵانەكەم كە زۆر بە وردی گوێی بۆ قسەكانم راگرتبوو، وتی:

- بابە تۆ ژمارەی تەلەفۆنی سەرۆك كۆمار دەزانیت؟

- بە جۆرێك سەرم بۆی لەقاند كەنیشانەی (بەڵێ) بوو، لەو كاتەدا شتێكم بەبیردا هاتوو ژمارەیەكی تەلەفۆنم لەسەر پارچە كاغەزێك بۆی نووسی، دامیو گوتم:

- هەر كاتێك هەر گرفتێكت هەبوو، یان خوانەخواستە كێشەیەك هاتە بەردەم ژیانتو نەتزانی چۆنی چارەسەر بكەیت، نەشتویست لای من یا دایكت باسی بكەیت، یەكسەر پەیوەندی بەو ژمارە تەلەفۆنەوە بكە، بێگومان سەرۆك كۆمار، كە پیاوێكی دڵسافو چاكەخوازە رێنماییت دەكات، بەڵام لەبیرتبێ نابێ هیچ كاتێ دەربارەی ئەم ژمارە تەلەفۆنە لای هیچ كەسێك قسە بكەیت.

- زۆر باشە بابە گیان، كەواتە شەوان، كاتێ كە هەموو كەس نووستوون دەتوانم تەلەفۆن بۆ جەنابی سەرۆك كۆمار بكەم؟

دەستێكم بە قژە زەردەكەی داهێناو گوتم:

- نا، كچی خۆم، ئاخر شەوان سەرۆك كۆماریش وەك هەر كەسێكی تر پێویستی بە پشوودانەو پێی خۆش نیە لە ناوەختا هیلاك بكرێت، تۆ تەنها دەتوانیت لە نۆی بەیانی تا پێنجی ئێوارە، تەلەفۆنی بۆ بكەیت. كچەكەم ئەو



پارچە كاغەزەی هەڵگرت كە ژمارە تەلەفۆنی شەخسی خۆمم لە كۆمپانیاكەماندا لەسەر نووسیبوو، بە میهرەبانیەكی ئۆینبازانەوە رووومەتی ماچ كردمو وەك پەپوولەیەكی چوست بە غاردان چووە دەرەوە.

پیاو بۆ ئەوەی وەك باوكێكی نموونەیی ئەركی باوكایەتی خۆی بەجێ بێنێ، دەبێ ئاگاداری كردەوەی منداڵەكانی بێت، منداڵان هەمیشە كۆمەڵێ شتیان هەیە، لە دایكو باوكیان دەشێرنەوەو زۆربەی كاتیش دایكو باوكان ناتوانن پەی بە رازەكانی نێو دڵو گیانی منداڵانی بچووكو تەنانەت هەراشیش ببەن، لە ئەنجامی ئەمەدا گەلێك جاران دەكەونە بەردەم رووداوی ئەوتۆ، كە هیچ چارەیەكیشیان بۆ بەخەیاڵدا نایەت، من بۆ رێگرتن لەو مەترسیانە ئەفسانەی ژمارە تەلەفۆنە نهێنیەكەی سەرۆك كۆمارم دایە كچە بچووكو بزێوەكەم، بەڵام راستیەكەی وام بە خەیاڵدا نەدەهات كە چەندین ساڵ بیری خۆی بەمەوە خەریك بكات. بەیانی سەعات سێو دە دەقیقەی پاش نیوەڕۆ، كاتێ كە دەمویست خۆم كۆبكەمەوە، زەنگی تەلەفۆنی سەرمێزەكەم لێیدا، كە هەڵمگرت زۆر بە رەوانی گوێم لە دەنگی كچەكەی خۆم بوو، بە پەشۆكاویەوە گوتی:

- سلاوت لێ بێت بەڕێز..جەنابتان سەرۆك كۆمارە میهرەبانەكەی خۆمانن؟

دەنگی خۆم گۆڕیو گوتم:

بێگومان خانم، ئەی ئێوە كێن؟

- ساتێك لە وەڵامدانەوەی دوا كەوت، دواتر بە دەنگێكی رەسمی گوتی:

- من مەرزیەم، بڕیارە ساڵی داهاتوو بچمە قوتابخانە.

كچەكەم بێدەنگ بوو، هەستم كرد بە تەواوی پەشۆكاوە، ئاخر ئەو بە خەیاڵی خۆی، راستەوخۆ لەگەڵ سەرۆك كۆماری وڵاتەكەی خۆی قسە دەكات. بۆ هاندانی گوتم:

- بە ناسینی ئێوە زۆر خۆشحاڵم، ئەگەر قسەیەكت هەیە دەتوانی بیڵێیت، دڵنیاش بە خانمۆڵە ئازیزەكەم كەس گوێ لە قسەكانمان راناگرێ. كچەكەم بە پچڕ پچڕی گوتی:

- جەنابی سەرۆك كۆمار هەموو ئێوەیان خۆش دەوێت، دایكو باوكیشم تۆیان زۆر خۆش دەوێت، هەر قسەیەك دەكەی بە گوێت دەكەن، ئەگەر پێیان بڵێی من حەز لە

سووپی مریشك ناكەم، با چیتر بە زۆر سووپی مریشكم نەدەنێ، هەر رۆژێك ناچارم بكەن سووپ بخۆم زۆر نارەحەت دەبم. تا ئەو كاتە نەمدەزانی مەرزیە بە قێزەوە سووپی مریشك دەخوات، بەلاّم ساتێك بێدەنگ بووم وەك ئەوەی بمەوێت بیرێك بكەمەوە، دواتر گوتم:

- كیژە جوان منو هەموو كارمەندانی دەوڵەتیش، بە تاسووقەوە كاسەی پڕ لە سووپ دەخۆین، چونكە ئەم ولاّتە كە نیشتمانی ئێمەیە، پێویستی بە ژنو پیاوی لەش ساغ و بەهێزە.

بە سەر سوڕمانەوە وتی:

- ئێوەش حەزتان لە سووپی مریشكە؟

بەڵێ كیژۆڵە خانم، من هەموو رۆژێ بەر لە نان خواردن، هەمان ئەو سووپە دەخۆم كە تۆ دەیخۆیت، ئەگەر دەتەوێت ئێوەم خۆش بوێت هەر كاتێ سووپی مریشك دەخۆیت، وات بە بیردا بێ كە منیش لە هەمان كاتدا خەریكی خواردنی هەمان خۆراكم، لەبیر نەكەی ئێمە...

- بەڵێ دەزانم پێویستیمان بە ژنو پیاوی لەش ساغو بەهێزە، هەر كاتێ لە تەلەفزیۆنیش قسە دەكەی، ئەمە دەڵێی.

هەستم كرد هێشتا بە تەواوی رایی نەبووە بۆیە یەكسەر درێژەم پێدا:

- بێگومان ئەگەر تۆ بە راستی رقت لە سووپی مریشكە، كەسێ مافی ئەوەی نییە خواستی خۆی بەسەر تۆدا بسەپێنێ، بەلاّم لەبیر نەكەی ئەوە خۆتانن كە بەو پەڕی چێژەوە سووپی خۆتان دەخۆنو دایكو باوكتان ناچاری نەكردوون كە بیخۆن.

ئەو رۆژە قسەمان لێرەوە كۆتایی هات، رۆژی دواتر مەرزیە بە شەوقو زەوقێكی زۆرەوە هەموو سووپەكەی خۆی خوارد، بەلاّم دەربارەی گفتوگۆ كردنی لەگەڵ سەرۆك كۆمار هیچ شتێكی بە ئێمە نەگوت، ئەو لە دڵی خۆیدا لە بارترین جێگای دۆزیبۆوە تا لە داهاتوودا نهێنیەكانی تریشی پێ بگەیەنێتە سەرۆك كۆمار.

سەرەتا ناوە ناوە تەلەفۆنی دەكرد، بەلاّم كاتێ چووە قوتابخانە پەیوەندییە تەلەفۆنیەكانی زیاتر كردبوو، چونكە ئەو بەو چاوە تەماشای سەرۆك كۆماری دەكرد كە خەمخۆرێكی میهرەبانەو بە سەبرو حەوسەڵەیەكی تەواوەوە گوێ لە قسەكانی رادەگرێتو



رێنمایی دەكات، دواتر وردە وردە پەیوەندییە تەلەفۆنیەكانی كەمتر كردەوە، چونكە لە سەرۆك كۆمارەوە فێر ببوو كە پێویستە مرۆڤ هەتا لە توانایدایە خۆی چارەسەری گیروگرفتەكانی خۆی بكات. كەچی رۆژێكیان..دوای ئەوەی ماوەیەكی زۆر بوو تەلەفۆنی نەكردبوو، دیسان تەلەفۆنی كردو بە دەنگێكی زۆر غەمگینەوە وتی:

- بەڕێز سەرۆك كۆماری خۆشەویست !(دەستی بەگریان كرد) باوكم شەوی رابردوو سەر كۆنەی كردم، لە كاتێكا من هیچم نەكردبوو تەنها یەك درۆی بچووكم كردبوو، زۆر حەز دەكەم بزانم باوكم چۆن زانی درۆم كردووە.

بەسەرهاتی شەوی رابردووم هاتەوە بیر كە بە توندی كچەكەم سەركۆنە كردبوو، لەسەر درۆیەك، پێكەنینم بە قسەكەی هات بەلاّم نەمدەزانی تا ئەو رادەیە سەر كۆنەكردنەكەی منی لە دڵ گرتووە بە رووگرژییەوە پێم گوت:

- یەكەم: درۆی گەورەو بچووك نییە، من بە هیچ جۆرێك پێم خۆش نیە نەوجەوانە خۆشەویستەكانی ولاّتەكەمان درۆ بكەن.

- دووەم: ئێوە (كە هاوڕێی منن) چاوەڕێی درۆكردنتان نەبوویمەو نیم، بەلاّم باوكت چۆنی زانیوە تۆ درۆت كردووە ئەمە باسێكی دیكەیە من نهێنیەكەی بە تۆ دەڵێم ئەویش ئەوەیە هەر كیژۆڵەیەك كە درۆ بكات سەری لووتی سوور هەڵدەگەڕێو دە تاڵەمووش لە قژی هەڵدەوەرێ.

بێگومان من دەمزانی كچەكەم چەند دڵی بە قژە زەردەكەی خۆیەوەیەو بە سوور هەڵگەڕانی سەری لووتیشی چەند نارەحەت دەبێ، بۆیە من باسەكەم بەلای ئەو دوو بابەتەوە برد.

مەرزیە بە دەنگێكی تێكەڵ بە شەرمەزاریو ترسەوە گوتی:

-یەعنی درۆ كردن ئەوەندە خراپە؟! یەكسەر گوتم:

- بێگومان درۆزن نەخۆشەویستی خودایەو نە خۆشەویستی دایكو باوكو مامۆستاشە، درۆزنی یەكێكە لە ناشیرینترین كردەوەكان من هەرگیز پێم خۆش نیە یەكێ برادەری من بێتو درۆ بكات.

- یەعنی ئێوەش ئیتر منتان خۆش ناوێت؟! هەستم کرد دیسان خەریکە بگرییێت بۆیە وەك هەمیشە بە دەنگێکی میهرەبانەوە گوتم:

-چۆن دەبێ ئێوەم خۆش نەوێت؟ مەگەر ئێوە تا ئێستا درۆتان لەگەڵ من کردووە؟

- من تا ئێستا درۆم لەگەڵ تۆ نەکردووە، بەڵاٚم لەگەڵ دایکمم کردووە...هەر کاتێ کە دایکم کێکی بە مرەبامان بۆ دروست دەکاتو من زۆرم حەز لێیە جگە لە بەشی خۆم پارچەیەکی تریش دەخۆمو درۆ لەگەڵ دایکم دەکەمو گوناهەکە دەخەمە پاڵ ئەو پشیلەیەی کە هەمیشە لە موبەقەکەماندایە.

گوتم:

- خانمۆڵەکەم هیچ کاتێ بیرت لەوە کردۆتەوە ئەگەر دایکت لەسەر دزی دڵی لە پشیلەکەتان برەنجێو دەری بکاتە دەرەوە، ئەو پشیلەیەی کە تۆ زۆرت خۆش دەوێت چی بەسەر دێت؟ بێگومان لە برسانو لە سەرمان بە میاوە میاو بە کۆڵاٚنەکاندا دەگەرێت، تا دەمرێت، ئەوکاتەش خەتاکە لە تۆیەو پشیلەکە هیچ گوناهی نەبووە.

کچەکەم لەوپەری دڵتەنگیدا لە پرمەی گریانیداو گوتی:

-ئێوە دڵنیان کە دایکم کاری وا دەکا؟

- بێگومان دەیکات، ئەو کە نازانێ تۆ کێکە بە مرەباکان دەخۆیتو گوناهەکە دەخەیتە ئەستۆی پشیلەکە، ئەویش پشیلەی دزی ناوێت، چونکە دزیش هیچی لە درۆزن کەمتر نییە، مەگەر نازانی من وەك سەرۆکی هێزی راپەراندن چەند بە قورسی سزای دزان دەدەم!!

مەرزیە لە کاتێکا کە برپاریدا چیتر درۆو دزی نەکات پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی پچراندو ئەم پچرانی پەیوەندییە حەوت ساڵی خایاند، نازانم بۆ هیچی تر تەلەفۆنی نەکردەوە، رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە پێی نابووە تەمەنی لاوییەوەو ئیتر بە پێویستی نەزانیوە چیتر ببێتە بارگرانی بەسەر سەرۆك کۆمارەوە، بەڵاٚم راهاتبوو لەسەر ئەوەی وەك چۆن گرفتەکانی بۆ سەرۆك کۆمار باس دەکرد ئاواش لای منو دایکی باسی بکات، دەتوانم بڵێم شتێکی ئەوتۆی لەمن نەدەشاردەوە، تا ئەوکاتەی کە رووداوێکی تازە ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنییەی بە قۆناغێکیتر گەیاند.



لە نێوان مەرزیەو یەکێك لە برادەرەکانی زانکۆی پەیوەندییەك دروست ببوو، کورە لاوەکە لە رواڵەتدا هیچ کەموکورییەکی نەبوو، لە بنەماڵەیەکی باش بوو، خۆیشی لە زانکۆدا یاریزانی تۆپی پێ بوو، سێ ساڵاٚن لە مەرزیە گەورەتر بوو، مەرزیە داوای لێکردم رێگای بدەم بێتە خوازبێنی، پاساوێکی ئەوتۆم نەبوو، لەوانەشە کچەکەم کاتێکی نەگونجاوی هەڵبژاردبێ، بۆ قسە کردن لەم بارەیەوە، چونکە هەر ئەو رۆژە زانیبووم کە خەریکە خانەنشین بکرێمو ئەوپەری مانگێکی ترەو ئیتر خانەنشین دەکرێم، منیش پێم خۆش نەبوو وا زوو خانەنشین بکرێم، لە کاتێکا ئەوەندە زووش نەبوو چونکە خزمەتم گەیشتبووە (٢٥) ساڵ، بەهەر حاڵ رازی نەبووم بە هاتنی بۆ خوازبێنی مەرزیەو، مەرزیەش بە فینگە فینگ غاریدا دەرەوەو دەرگاکەی بە توندی لە دوای خۆیەوە داخست، بێگومان من گرنگیەکی ئەوتۆم بەم توورەییە منداڵاٚنەیە نەدا.

سێ چوار رۆژ دواتر کە زانیم دەنگۆی خانەنشین بوونم هیچ راستیەکی تێدا نییە بەڵکو برادەرانم کە زانیبوویان برپاری بەرێوەبەری گشتی کۆمپانیاکەمان بەناوی منەوە دەرچوو بوو، بە خەیاڵی خۆیان دەیانویست بمخەنە سورپرایزەوە، لە کاتێکا کە چاوەروانی برپاری خانەنشین بوونی خۆم بووم لە برپارەکەی لەمەر بەرێوەبەری گشتی ئاگاداریان کردمەوە، هاوکات زەنگی تەلەفۆنی ژوورەکەم لێیدا کە هەڵمگرت دەنگێك بە مەیلەو توورەییەوە گوتی:

- ببوورە، کارم بە بەرێز سەرۆك کۆمارە.

دەنگی مەرزیەم ناسیەوەو بە جۆرێك حەپەسام خەریك بوو دەسکی تەلەفۆنەکە لە دەستم بکەوێتە خوارەوە بەڵاٚم خێرا بەسەر خۆمدا زاڵ بوومو گوتم:

بەڵێ کێ دەیەوێ قسە بکات؟

مەرزیە وەك ئەوەی دوودڵ بێ لەوەی کە من دوای حەوت ساڵ ئەوم لەیاد مابێ، وای بە باش زانی کە خۆی نەناسێنێ، بەڵکو گوتی:

بەرێز سەرۆك کۆمار من یەکێکم لەوانەی کە لە هەڵبژاردن دەنگم بە ئێوە داوە، دایكو باوکیشم لە هەوادارانی ئێوەن، دەمەوێ جەنابتان لەگەڵ باوکم قسە بکەن بە کاوەخۆ گوتم:

-مەسەلە چیە کیژە جوان؟ ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

- من کوڕێکی هاوپۆلم هەیە، باوکم ڕێگا نادا کەس‌وکارەکانی بۆ خوازبێنیم بێنە ماڵمان، حەز دەکەم باوکم سەرکۆنە بکەیت‌و پێی بڵێی تەنانەت ئەگەر بۆ جارێکیش بێت ڕێگای بدا بێتە ماڵمان‌و قسەی لەگەڵ بکات یان هەر هیچ نەبێ پێم بڵێ ئەم کوڕە چ عەیبێکی هەیە، ڕێگا نادا بێتە خوازبێنیم؟

گوتم:

من باوکت دەناسم‌و دڵنیام لەو ڕووەوە پاساوێکی هەیە ئەگینا من دەزانم باوکت تۆی لە خۆیشی خۆشتر دەوێت.

هەناسەیەکی هەڵکێشاو بە نابەدڵیەوە گوتی:

- سەرۆك کۆماری بەڕێز، ئەوەندە لە ژیانی خۆم نائومێد بووم حەز دەکەم خۆم فڕێدەمە دەریاوە، ئاخر بۆچی ئێوەی گەورە گوێ بە دەردەدڵی ئێمەی لاو نادەن‌و یەك لایەنە سەرکۆنەمان دەکەن؟

کاتێ کە بەراستی بە دڵتەنگیی کچەکەم نیگەران بووم گوتم:

- ئاخر تۆ هێشتا خوێندنت تەواو نەکردووە، خێرا وەڵامی دایەوە:

- دوای شوو کردنم لە خوێندن بەردەوام دەبم، ئەو دەزانێ کە من حەزم لە خوێندنە‌و قسەشم لەگەڵ کەس‌وکاری کردووە‌و ئەوانییش هیچ لارییەکیان نییە، لەوەی من لە خوێندن بەردەوام بم. ماوەیەك بێدەنگ بووم، هەستم دەکرد کچەکەم بە وەڵامەکانی من زۆر نیگەرانە دواتر بڕیارمدا بە پێی حەزی ئەو هەڵسوکەوت بکەم، بە گفتوگۆ کردنێك لەگەڵ خوازبێنیکاری کچەکەم شتێك لە دەست نادەم، بەڵام بەمە کچەکەم متمانەی زیاتری بە من لا دروست دەبێ، بۆیە گوتم:

- زۆر باشە من قسە لەگەڵ باوکت دەکەم‌و بەڵێنی لێوەردەگرم کە خوازبێنیکارەکەت بێتە ماڵتان، بەڵام بە مەرجێك ئەگەر باوکت رای لێنەبوو، منداڵانە رەفتار نەکەیت. مەرزیە بە شادومانیەوە خوا حافیزی کردو تەلەفۆنەکەی داخست. لە رۆژی دیاریکراودا دەزگیرانی مەرزیە هاتە دیدەنیم‌و بە پێچەوانەی بۆچوونی خۆم بە



ڕاستی لاوێکی شایستەو ڕێکوپێك دیار بوو، بە جۆرێك کەوتە بەردڵم، کە بۆ یەکشەممەی داهاتوو خۆم داوەتی ماڵەوەمانم کرد.

کاتێ خەریکی تێکنانی بارگەی مەرزیە بووین بۆ ئەوەی بۆ ماڵی هاوسەرەکەی بیگوازینەوە، نامەیەکم نووسی‌و خستمە ناو شتوومەکە تایبەتەکانی کچەکەم‌و تێیدا نووسیبووم (هیوادارم لە ژیانی ژن‌و مێردایەتیدا ئەوەندە بەختەوەر بیت کە چیتر پێویست بەوە نەکات پەیوەندی بە سەرۆك کۆمارەوە بکەیت، لەمەودوا بە هۆش‌و زیرەکی خۆت گرفتەکانت چارەسەر بکەیت...کچە شیرینەکەم).

لە ڕاستیشدا هەروا دەرچوو لەوساوە چیتر کچەکەم تەلەفۆنی بۆ نەکردووم، چونکە لە ژیانی هاوبەشیاندا کەموکووڕیەك نییە‌و شتێکی ئەوتۆ نەهاتۆتە ئاراوە کە پێویست بە تەلەفۆن کردن بکات.

**سەرچاوە:**

**گۆڤاری (خانوادە) ژمارە (١٥٧) ساڵی هەشتەم**

**تێبینی: ناونیشانی چیرۆکەکە (درس محبت)ە من گۆڕیومە بۆ (هاوڕێ بچکۆڵەکەی سەرۆك).**

**__وەرگێڕ__**

# نیگارکێش وکەروێشکە سپییەکان

## جانێت یو لیڤیۆ مارزۆ

ئەمە چیرۆکی پیاوێکی نیگارکێشە، کە حەزو خولیای نیگارکێشانی نەمابوو، هەربۆیە بۆ گوزەراندنی ژیان، بۆ شوێنێکی زۆر دوورەشار، بۆ ناوچەیەکی شاخاوی وجەنگەڵستانێکی ساردو چڕوپڕ سەری خۆی هەڵگرت.

نیگارکێشەکە لە بناری شاخەکانەوە، لە دەشتاییەکی فراواندا، لەناو خانووێکی داریندا نیشتەجێ بوو، دەوروبەری ژوورەدارینەکە دارستانێکی چڕو پڕ بوو، کەجۆرەها گیانەوەری تێدا دەژیا، دارستانێکی ئەوەندە فراوان بوو، کە بۆ تێپەڕین لێی دەبووایە چەندین ڕۆژ ڕێگا ببڕیت.

زستان بوو، درەختەکانی جەنگەڵ بەفر داپۆشیبوون، چونکە نیگارکێشەکە خووی بەکاری ڕۆژانەیەوە گرتبوو، لە بێکاریدا حەوسەڵەی نەدەما، بۆیە ڕۆژانە خۆی بە پیاسەی دوورودرێژ بەناو دارستانەکەدا خەریك دەکرد. سەرماو سۆڵە زیادی کردو زۆربەی زۆری گیاندارەکان یان پەنایان بردە بەر ئەو شوێنانەی کە گەرمترن، یانیش کەوتبوونە خەوی زستانەوە.

تەنهاوتەنها کەروێشکە سپییەکان بوون کە هێشتا لەوێدا دەژیان، ئەوان دەیانتوانی بەهۆی پێیە تووکن وچەورەکانیانەوە غاردان و هەڵبەزو دابەزبکەن بێ ئەوەی نوقمی ژێر بەفرەکان بن.

نیگارکێشەکە شوینپێی کەروێشکەکانی لە هەموو شوێنێکدا دەبینی، بێگومان دەبوایە ژمارەشیان زیادی بکردایە، بەلاّم ئەو هیچ کامێکیانی نەدەبینی، ڕەنگی سپیی کەروێشکەکان دەبووە هۆی ئەوەی کەلەناو بەفردا نەبینرێن.

نیگارکێشەکە وردە وردە دەکەوتە دڵەراوکێوە بۆ ئەوەی یەکێکیان بگرێت و لەسەر چەقی ڕێگادا بەسەر ئاگرەوە بیبرژێنێت و لەگەڵ ئەوپەتاتانەی کە لەژێر خۆڵەمێشی ئاگرەوە لێی دەنان عافیەتی بکات، بەلاّم ئارەزووی ڕاوکردنیانی لە هی خواردنیان زیاتر بوو، چونکە



شوێنپێیانی لەهەموو شوێنێکدا دەبینی، بەلاّم نە خۆیانی دەبینی نە گوێی لە دەنگیشیان دەبوو، ئەمەی بەلاوە زۆرسەیرو سەرسوڕهێنەر بوو، تفەنگێکی لە داربڕێکی نیشتەجێی ئەودەوروبەرە وەرگرت و بەیانی زوو لەگەڵ درەوشانەوەی یەکەمین تیشکەکانی هەتاو بەمەبەستی ڕاوکردنی کەروێشك لەکۆخەکەی خۆی دەرچوو. دارستان ڕێك وەك نیشتمانێکی شووشەیی ساردو کپ بوو، تەنها هەندێ جار دەنگی کەرتك بوون و کەوتنە خوارەوەی پارچە بەفرێك کە بەهۆی تیشکی هەتاوەوە توابۆوە نیگارکێشەکەی رادەچلەکاند، کەزۆر بەوردی چاوەدێریی بچووکترین جوولەو کەمترین دەنگی دەکرد، سەرتاسەری دارستانەکە بەشوێنپێی کەروێشکە سپییەکان رازێنرابۆوە، نیگارکێشەکە بێ ئەوەی هەست بەماندوێتی بکات بەدوای ئەو شوێنپێیانەدا دەڕۆیشت کە چەندین ڕێگای بێ کۆتاییان دروست دەکرد، هەندێ جار لە شێوەی شوێنپێکاندا وای بۆدەچوو کە دەبێ پەناگەیان لەناو قەدو لقی درەختێکی کەوتوو دابێ، ئەو شوێنەی کە کەروێشکەکان تیایدا خۆیان لە سەرما دەپاراست و ماوەیەك پشوویان دەدا، زیندەخەوێکی خۆش لە ڕۆژێکی هێمندا، چونکە ئەوان بۆ پەیداکردنی خۆراکیان، شەوان لە لانەکانیان دەهاتنە دەرەوەو کاژی نەرم و لقە ساواکانی درەختیان دەجاوی، وەك ئەوەی هەرگیز خەویان نەبێت.

نیگارکێشەکە چەندین ڕۆژ بەدوای ڕێرەوی شوێنپێکانی سەر بەفردا ڕۆیشت، بەلاّم بێ کەمترین سەرو سۆراغ، ڕێك وەکو گورگێك بە پێچەوانەی ئاراستەی با هەنگاوی دەنا تا کەروێشکەکان هەست بەبۆنی جەستەی نەکەن ، تەنانەت هەندێ جار وەك دارێك بێ ئەوەی بچووکترین جوولەی هەبێ، لەسووچێکی دارستاندا چاودێریی دەکردن، بەلاّم بێ سوود بوو! کەروێشکەکان لەهیچ شوێنێکدا بەرچاونەدەکەوتن.

ئێوارەیەك نیگارکێشەکە دوای چەند ساتێ ڕێگابڕینی بێ ئەنجام گەڕایەوە کوخەکەی خۆی، خەریکی دروستکردنی داوێك بوو، داوێکی سادە بەلاّم کاریگەر، کەلەسەردەمە زۆر کۆنەکاندا بۆ ڕاوکردنی گیاندارە بچووکەکان سوودیان لێ وەردەگرت، نیگارکێشەکە بە دڵخۆشی وهەوڵ وکۆششێکی زۆرەوە کاری دەکردو هێندەی نەبرد داوەکە تەواوبوو، داوەکەی تاقی کردەوەو دڵنیابوو لەوەی کە بە تەواوی کاری خۆی دەکات، ئەو شەوە گۆی مانگ لەئاسماندا دەدرەوشایەوە، بۆیە

ڕۆیشت بۆ دارستان، دانانەوەی داوەکە لەنزیك ئەو ڕێڕەوەی کەروێشکەکان پێیدا تێدەپەڕین کارێکی ئاسان بوو، پارچە سێوێکیشی وەکو (دانە) خستەناو داوەکەوە. بەیانیی ڕۆژی دواتر، بۆ بینینی ئەنجامی کارەکەی زۆر بەدڵخۆشییەوە لەکۆخەکەی دەرچوو، هەتاوی گەرمی ڕۆژی ڕابردوو هەندێك بەفری تواندبۆوە، بەڵام سەرماوسۆڵەی شەو بووبووە هۆی ئەوەی کە ڕووی بەفرەکە ببێتە شەختەبەندو لەگەڵ هاوێشتنی هەر هەرنگاوێکدا، شەختەکان دەشکان و دەنگێکی بەرزیان لێوە دەهات. زۆر سەیربوو! داوەکە وەك چۆن شەوی پێشتر دانابۆوە، بێ دەسکاری مابوویەوە، وەك ئەوەی کەروێشکەکان لەبەرامبەر بۆنی خۆشی سێودا بەرگەیان گرتبێت، ئەمە جێگای باوەڕ نەبوو.

ڕۆژان هاتن و ڕۆژان ڕۆیشتن، کەروێشکەکان نەك هەر نەکەوتنە ئەم داوەوە، بەڵکو گیرۆدەی تەڵەو داوەکانی دیکەش نەبوون کە نیگارکێشەکە دانابوونەوە. کەروێشکە سپییەکان بیری نیگارکێشەکەیان بەتەواوی خەریك کردبوو، ئیتر ئەو شەو و ڕۆژ تەنها بیری لەوان دەکردەوەو هیچیتر!

هەموو سەر لەبەیانییەك بۆ دۆزینەوەیان لەکۆخەکەی دەردەچوو و هەرجارێکیش مەودایەکی زۆرتر لەجاری پێشووی دەبڕی و لەکۆخەکەی دوورتر دەکەوتەوە. گەلێك جاران خۆی لەشوێنێکی نامۆدا دەدۆزیەوەو بۆئەوەی ڕێگای گەڕانەوەی بدۆزێتەوە ناچار دەبوو بەدوای ئەو شوێنپێیانەی خۆی بکەوێت کە بەسەر بەفرەکەوەبوون، ڕۆژێکیان لەکاتی ڕێڕۆیشتندا بەفرێکی توند دەستی بەبارین کرد، ئەوەندەی نەبرد بەفر شوێنپێیەکانی دوای ئەوی پڕکردەوەو نەیهێشتن! بەفر لەماوەی تەنها چەند دەقیقەیەکدا شێوەی دارستانی گۆڕیبوو، نیگارکێشەکە تێگەیشت ئەمجارەیان بەراستی ونبووە، لەکاتێکا هەوڵی دەدا بۆ دەستنیشانکردنی ئەو شوێنەی کە لێی بوو، لەپڕێکدا لەبەر پێیدا شوێنپێی کەروێشکێکی سپیی بینی، نیگارکێشەکە دەیزانی کەروێشکەکان لەکاتی بەفربارینددا لە لانەکانیان نایەنە دەرەوە، دڵنیابوو ئەمەیان لەبیستنی دەنگی پێی ئەو ترساوەو لە پەناگەکەیدا دەرپەڕیوەتە دەرەوە، شوێنپێیەکە تازە بوو، کەواتە دەبێ کەروێشکەکە هەر لەم نزیکانە بێت. بەهۆی ئەوبەفرە توندەی کە دەباری، ئەم شوێنپێیانە بەخێرایی دەسڕانەوە، نیگارکێشەکە بەتەواوی لەیادی چوو کە ونبووەو کەوتە بەدواداچوونی شوێنپێیەکان، دنیا تاریك داهاتبوو، ئەو بایە ساردەی کەهەڵیدەکرد لەگەڵ خۆیدا کڵۆ بەفرە وردیلەکانی بەئاسماندا پەرشوبڵاودەکرد، لەپڕێکدا شوێنپێی کەروێشك نەما، نیگارکێشەکە سەری هەڵبڕی ، ڕێك



لەبەرامبەر کۆخەکەی خۆیدا ڕاوەستابوو، ئەوشەوە بێ ئەوەی تفەنگەکەی پاك بکاتەوەو چەوری بکات، لەسوچێکا هەڵیپەسارد، لەباتی ئەوە قووتووی قەڵەمەکان و ئەو فلچانەی کە لەتووکی سمۆرە دروست کرابوون و ڕەژووی وێنەکێشانی لەناوسەندووقێکا دەرهێنا.

ئەو شەوە زریان ساتێکیش ئارامی نەگرت، کۆخە دارینەکەی نیگارکێشەکەی وەك بەلەمێکی بەر تۆفان ڕادەهەژاند.

بەیانیی ڕۆژی دواتر دیسان هەتاو بەسەر بەفری تازەباریودا دەدرەوشایەوە، بای شەوی ڕابردوو هەموو هەورەکانی ڕامالیبوو ولەدوای خۆیەوە ئاسمانێکی جوان و بێگەردی جێهێشتبوو. نیگارکێشەکە دەفتەرو پێویستییەکانی نیگارکێشانی هەڵگرت وبەرەو دارستان کەوتەڕێ، بەفری نەرمۆڵەو درەوشاوە وەك گەردی شووشە هەموو شوێنێکی داپۆشیبوو و هەموو دەنگێکی لەناو خۆیدا دەشاردەوە، نیگارکێشەکە قەدی درەختێکی بەزەویدا کەوتووی لە بەفر پاك کردەوە، لەسەریا دانیشت و دەستی بەنیگارکێشان کرد، زۆر بەجوانی نیگاری هەمووئەو درەختانەی کێشا کەلەبەرامبەری بوون، قەدو کاژی درەختەکان، گۆپکەکان، و....بەهێمنی و نەرمییەوە کاری دەکرد. چەند سەعاتێك لەبەرگەرمای پڕ چێژی هەتاودا، هەموو وردەکارییەکانی زۆر بەجوانی و وردبینییەوە دەنەخشاند تا ئەوکاتەی کە هەستی کرد ڕێك وەکو درەختێك بۆتە بەشێك لە دارستانەکە، کە نیگارەکەی کێشا بێدەنگبوو و لەتەماشا کردنیدا نقومبوو، دوای ئەوەی ڕووی لێ وەرگێڕا، کەروێشکەکانی لە هەمووشوێنێکا بینی. کەروێشکەکان لەسەر بەفر غاریاندەداو هەڵبەزودابەزیان دەکرد، لەناکاو ڕادەوەستان و گوێیان قوڵاغ دەکردو دیسان دەکەوتنەوە ڕێ، هەندێکیشیان مات و بێدەنگ خۆیان دابووە بەرهەتاوو سمێڵیان ڕێك دەخست، ئەوان گەلێك زۆر بوون،

گەلێك زۆر،

جەنگەڵێك پڕ لە کەروێشکی سپی.

**سەرچاوە:**

**نقاش‌وخرگوش های سفید ،جانت و لیبومارزوت، ترجمە: رامین مولایی، تهران١٣٨٤**